ئایا ئەوی سیلفی دەگرێ نارسیسیستە؟… Sinziana Ravini نووسینی:… وەرگێرانی بۆ کوردی لە سویدییەوە: بەکر ئەحمەد

هەر جارێ سێلفییەک دەگرم، هەست بە ئازاری ویژدان دەکەم. کاتەکیش دەیخەمە سەر ئینستاگرام، هەندێ دی بۆتاقەت دەبم. بە تایبەت کاتێک بیر لەوە دەکەیتەوە کە چەن جیهانی ئەمە بە کارەسات و جەنگ قاندراوە. دواتریش وەک سەرێی ناو چەرخەکە کە هەمیشە لە سووڕانەوەی خەیدایە، هەستدەکەم گیرمکردووە و بە شوین ئەوەوەم بزانم کەن ئەوانەی لایکیان کردووە، هەستێک زیاتر لەوەی بزانم کە چی لە جیهاندا دەگووزەرێ.

"نارسیس" ببووە کەیلەی وێنەکەی خێ، بەڵام ئەو خێ خشنەدەویسیت، ئاخر بەیش هەند گیرەدەی وێنەکەی خێ بوو. ئایا کەسی سێلفیگر کەسێکی نارسیستی خگیرەدەیە کە خێ خش ناوێت؟

ئەمە بە ئەو هونەرمەندانەش دەشی کە ئەوەندەی ئینسان بیری دیت، سەرقاڵی خپەرتریتی بوون. من خەیاڵم بە لای " Dürer" دەچێ کە هەمیشە نیگاری خێ وەک مەسیح دەکێشا. یان" **Frida Kahlo" کە جگە لە کێشانی وێنەی پەرتریتی خێ ، چی دیکەی نەدەکرد.**

بەڵام بیریش لەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرێ دەکەموە کە خپەرتریتی لە ساڵانی هونەرە جوانەکانی ئەم ڕۆژگارەدا تەواو ونبووە. ڕەنگە لەبەر ئەو هەکارەش بێت کە لە زەمانی ئەم خەڵازیکردنەی ئەمەدا سیلفی جێی ئەو "خەڵازیکەر" ی گرتبێتەوە و هونەرمەندیش دەیەوێ نیشانی بدات کە بیر لە شتی دیکەی وەک ئیکەلەجی، جیەپەلیتیک و هاوکاری دەکاتەوە.

بە بەشداریکەرانی پیشانگا سالانە و گرووپی و ئەوانەی کە کەمکی دەوەتی بە کارەکانییان وەردەگرن، ئەو چاوەروانییەیان لەدەکرێ کە دەبێ لە دەموچاوی "ئەوی دی" بکەنەوە، ئەو دەموچاوانەی کە عادەتەن ئەمە نیگایان لەوەردەگرین.

دەموچاوی "ئەوی دی"، سەرچاوەی مەرالە. Levinasی فیلەسوف

جارەکیان وای وتبوو. پاشان دەڵێ: لەوەدا و لە ڕووخسارە ڕووت وهەستپەشیووەکەی "ئەوی دی"دایە کە ئینسان دەبە بە شوێن هەموو پرسیارەکانئ خۆیەوە بێت.

Baudelaire (بەدلەر) نیگەران بوو لە فۆتگرافی و پێیوابوو کە فۆتگرافی دەکرە مرۆڤایەتی بگۆڕێت بە "نارسیس"ەکی گەورە کە بە تەنها بەشوێن وێنەکەی خۆیەوەیەتی. بەجۆرێکیش ڕاستی هەبوو. ئەمە لە زەمەنەکی نارسیستیدا دەژین. ئەم سیلفییە ئایدیالیزەکراوە، سیمبۆڵی نارسیزمەکی هیستیریکیانەیە ، هاووێنەیەک کە فشارمان بە دەنە کە بەختەوەر تر بین لەوەی کە هەین.

لە بەدابیست، مەزهەبەکی سیلفی هەیە کە ئینسان دەتوانێت وێنە لەگەڵ دارخورما، ئاسپی شاخدار و حەوزەکی پڕ لە تەپی گەنگاوڕەنگدا بگرێت. تەنانەت لوس ئەنجلسیش بەتە خاوەنی مەزهەبی خۆیی و تیایدا مەنالیزا و ڤان کوخ سیلفی خۆیان دەگرن.

لەم مەزهەبدا، سیلفی وەک نیگاری سەرئێشکەوتە کەنەکان وەسفدەکرێت و تەنانەت ژووریکی تەرامان لە کاریگەریەکانی سەلفی تەدایە وەک killfies یان ئەو ئاو سەلفییە نامەرالەنانی لەگەڵ بەخانەولانەکاندا دەگیەین یان لەکاتی ناشتنی مردووەکاندا ، ئەمەی دواییان بەتە ڕەوتێکی subkultur ژەرفەرهەنگی.

قەدەغەکردنی سیلفیش بە هەی کەمێیک هەکارەوە دەستی پیکردووە. ئەستێرەکانی سینەما بەیان نییە لە میهرەجانی "کان"دا و لەسەر فەرشی سوور سەلفی بگرن. کاتیکیش Carla Bruni, خەزانی Nicolas Sarkozys گوێ بە فرمانی قەدەغە نادات و لەگەڵ خودی بەڕێوەبەری باڵای "کان"دا سەلفییەک دەگرێ، دەبەتە چ هەرایەک.

لە کۆشکی Belvedere لە ڤینا ، لە تەنیشت نیگاری ماچەکەی Klimts وە، تابلۆیەک هەڵواسراوە کە داوا لە تەماشاچییان دەکات لە نیگارەکە وورد ببنەوە وەک لەوەی سەلفییەکی لە پاڵدا بگرن.

چەند ساڵێک لەمەوبەر، شازادە Harry نەیویست لەگەڵ کچەکی گەنجدا سیلفی بگرێت و پێیوت:" Selfies are bad, you should take a normal picture". ئەو دەیویست مەسافەی نەوان خەی و خەڵک ابگرێت . دەکرێ ئینسان ئەم تەروانینەی هەبە کاتێک ئینسان لەو شوێنەدا بێت کە دەتوانیت وا بڵێیت. ڕۆژنامەنووسەکی بەریتانی لە دوای ئەم ووداوەوە نووسی بووی: عومری سیلفی تەوا بوو. بەڵام کەس وەک ئەو هەڵەی نەفەرموو بوو. سیلفی لەمەدا بووە بە تلیاکی تازەی خەڵکی.

لە Pitié Salpêtrières psyk کە خەستەخانەی دانشگایە لە پاریس ،من هەندێک جار لەو کاردەکەم، خزمەتگووزاری "وازهێنان لە مۆبیل تەلەفۆن" بۆ کەسانە پشکۆش دەکرێ لەو خوێنەراون و زۆربەی زۆریان لە مارپێچەکانی سیلفیدا گووم بوون و یان بوونەتە

Selfiestalkers, ، ئەوانەی کە بە شێوەن کەسانی دیکەوەن بە ئەوەی خۆیان خەریکەندییان نیشان دابێ. ئەم هەڤتارانە لە درێژ ماوەدا دەبێتە دروستبوونی چاونەیاری (بەخیلی) و هەڵخەبوونەوە بەوەی کە هەمووان ژیانیان لە تە باشترە.

زۆر نییە کە من وەک رێخنەگری خوێندکارێکی نووسەر لە بەرانبەر وەرگرتنی بروانامەکەیدا لە بڕکسل بانگەشت کرابووم. ئەو رەمانکی لەسەر گەڕان بەشوێن دەستگیرانە کۆنکەیدا نووسی بوو کە تیایدا دەستگیرانەکەی وێنەی خۆیی و هاوژینە تازەکەی لە ئینستاگرامدا دادەنێ. مەگەر ئەوان دووچاری نارسیسیزمەکی دوانەیی بوو بوون؟

من خەم تیا ماوم. حەزم لە تەماشاکردنی ئەوەیە کە خەلکی چۆن ژیانی خۆیان نمایشدەکەن و کەمەک یاری لەگەڵ ئەو وێنەیەدا دەکەم سەبارەت بە ژیانی کەمن دەمەوێ دەربارەی خەم بە کەسانی دی بدەم. ئەوەش دەزانم هەموو کارەکی شەخسیش سیاسییە.

سەلفی جۆرەکە لە ئاهەنگگرتنی خود و کەسانی دی، بیادهێنانەوەی ساتەکی کورتخایەنە، جۆرەک لە چوارچیوەنانی فەوزای ژیانێ ، شیوازەکە لەوەی کە بڵێی: من سیلفییەک دەگرم کەواتە من هەم. بڵام ئایا کەسی سیلفیگر کەسەکی نارسیسیستە؟

لەکۆینەوەیەکی زۆر ئەوە نیشاندەدەن کە سیلفیگران ، زۆر جار خوێندەیەکی گەورەی نارسیسیستیان هەیە، بڵام لە بە دواداچوونکی تازەی Psychology and aging دا نیشانی دەدات کە ئەوانەی لە نێوان سالانی 1946 و 1964 دا نەوەی(boomers) لە دایک بوون ، لە نەوەی millennials (لەدایکبووانی نێوان 1980 و ناوەڕاستی 1990) نارسیسترن.

نارسییزم هەمیشە دیار نییە. دەکرێ لە نیشاننەدانی ئارەزوو بە جیهانبینی ئەوانی دیکەدا خۆی نمایش بکات. نەوەی millennials، بەوونەتە میراتگری ئایندەیەکی نائارام. بەیە سەیر نییە کە زۆرینەیەکیان وێنەی خۆ و کەسانی دیکەیان لەدەستداوە. نارسیستەکان لە هەموو زەمانێکدا هەبوون بڵام بە راستی چۆن پەیدابوون؟

دەروونناس Donald Winnicott, کە تا ساڵەکانی 1970 چالاک بوو، روونیکردەتەوە کە دایک ئاوێنەی یەکەمی منداڵە. نیگاگەکەی دایک کە کاردانەوە یان قبوبوکردنی هەستەکانی کرپەیە ، بەیاردەری ئەویە کە کرپە چ خەناسییەکی self-esteemکی هەبێت. ئەگەر دایک شپرزە بێت و سەرقاڵی شتی دیکە بێت کاتێک ئەشکی منداڵەکەی دەگرێت، ئەوا کرپە هەستی کەسکی بەجێهێڵراوی تیا دروستدەبێت تەنانەت ئەگەر دایک لە باری فیزیکییەوە لە منداڵەکەیەوە نزیکیش بێت. بەیەکەرە دەترسێیەکی گەورە "تراومایەک" پەیدا بێت و تاک لەگەڵ خەیدا هەموو تەمەنی هەڵیبگرێ. بەمشێوەیە کرپە "من"ەکی ساختە دروستدەکات و هەمیشە لە نیگای ئەوی دیدا بەشوێن دانپیانانەوەیە, confirmation. من لەم ڕەڤانەدا جارەکی تر ئەوم خوێندەوە و کەوتمە خەیاڵی زەمەنی گیردەبوونی ئەمە بە سیلفییەوە. کولتوری سەلفی لەسەرچی ڕاوەستاوە جگە لە گەڕان بەشوێن نیگای دانپیانان وقبوڵکردنی دایک یان باوکەوە نەبێ؟ ڕەژگارێک ئینسان وێنەی منداڵەکانی خەی پیشانی کەسانی دیکە دەدا. لە ئێستادا منداڵی خە بەتە موڵکی گشت. ئەم جارە لە هەراجکردنی کرپە و منداڵ لە تارە کەمەلایەتییەکاندا چی بە خەوێنەی ئەوان دەکات شتێکە و ئەمە تەنها دەکرێ بە خەیاڵ پەی بگەین.

من لەگەڵ نەخشەکانی خەمدا، بەشکی زەر کار لەسەر کەمەنیکاسیەنی ناوشەیی و کاردانەوەی دەموچاویی دەکەم. من هەوڵدەدەم نیگایەکی دانپیانانیان پەببەخشم کە ئەوان قەت وەریاننەگرتووە.

Donald Winnicott لە جێگایەکی تردا دەڵێ کە دایک پاش ماوەیەک، دەبێ ئەوە فێری منداڵەکەی بکات کە بەرگەی خودتەنهایی بگرێت. دایکەکی هەمیشە ئامادە و لەبەردەستدا بوو سیندرەمی جەهێڵراوی لای منداڵ دەخوڵقێنێ. دایک دەکرێ دەربەینی: "good enough"، هێندێ کافییە قبوڵبکات. تەنانەت دەروونناسیش دەڵێ "هیند کافی"یە قبوڵبکات و بێ نەخشی نیشان بدات کە ئەو کەسێک نییە کە قابیلی جێگرتنەوە نەبێت.

لە نەوەدەکاندا ئینتەرنێت پەیدا بوو ولە 2000کاندا تارە کەمەلایەتییەکان. لەو کاتەوە ئیمە لە نەوان چێندەها شوێنی مەجازیدا لە هاتووچەداین. مەیل دەنووسین ، ئیس ئیم ئەس دەنێرین، وێنە لەسەر فەیسبووک و ئینستا دادەنێین و لایک دەکەین. ئابووری ئەمەکەی لەسەر سەرنجدان ڕاوەستاو ، دایک و باوک لە نادیاریدا ئادڵگرێت و منداڵانکی نارسیسیستی دەخوڵقێنێ. پەموایە دەکرێ بەرەو خراپتریش بەوات، بەڵام چارە لە کوێدایە؟

من لانی کەم وەک لە ئاوێنەی Kenneth Wright و بڕوانامەکەی کە بە ناوی Mirroring and attunement – self-realization in psychoanalysis and art från 2009 دا دەبینمەوە.

Wright هەوڵیدەکاتەوە ئەو شتەی دەتوانێت ئەو بڕوانینە پڕ بکاتەوە کە لە غیابی نیگای دایکدا دروست دەبێت ، هونەرە. لە هونەردایە کە دەکرێ لە بری نەبوونی خۆشەویستی و نەبوونی نیگا لەسەرمان کە قەت وەرنەگیراوە، ئەو دڵنەواییە بدەستبهێنینەوە .

بەڵام هونەریش دەبێ کاری گەلان بێت بۆشوێن ئەو دڵنیانامەدا کە سەروکاری لەگەڵ دانپیانانداید، وەک چۆن هیگڵ دەڵێ: گەرانی ئینسان بەدوایی دانپیانانداە زۆر بەهێزترە لە غەریزەی سیکسی.

Amalia Ulman, Cindy Sherman, Rafia Santana, Arvida Byström och Mikael Olsson. هەریەکە لەم هونەرمەندانەی سەرەوە، جۆرێک گەمەیان لەگەڵ سیلفی و دووبارە هەڵوەشاندنەوەی میکانیزمەکانی سیلفییدا کردووە.

بەڵام ئایا کەسی سیلفیگر کەسێکی نارسیسیستە؟

لە راستیدا وەڵام بە ئا یە، بە تایبەت ئەگەر سەرنجێک لە خودی ئۆفسانەی نارسیس بدەین.

نارسیس پەیوستی بە کەسی دیکە نییە. ئەو هێندە سەرقاڵی کاردانەوەی وێنەکەی خۆیەتی کە تێنانێت خۆشەویستی "ئێخۆ یان ئێکۆ"ی پەریش ڕەتدەکاتەوە. ئەو ناتوانێ خۆی لە چاوانی کەسێکی دیکەوە خۆش بوەێت. نارسیس کەسێکی خودرازیە کە پیەوایە پەیوستی بە کەسی دیکە نییە. کەسی سیلفیگر پێچەوانەی ئەمەیە.

لەو شوێنەی نارسیس "ئیخۆ یان ئێکۆ" ڕەتدەکاتەوە بە گوڕەی ئۆفسانە یەنانییەکە، (ئێکۆ بە مانای دەنگدانەوە دێت، وەرگێڕ)، خودی سیلفی دەبێتە بانگەوازێک بۆ دەنگدانەوە. بۆشک لە ئیکۆلۆژیەکی کەمەلایەتی کە پەمان دەڕێ ئەمە کۆین و دەمانەوە کەی دیکە بین. بیگوومان ئەویش بەو ئاستەی کە کەسی سیلفیگر دەیەوێت چێند لە خودبیرکردنەوە و تڕامانی خۆی بە کەسانی دی بگەێنێ. سیلفی شیوازێکی دیکەی دەستگیرەییکردن لە کەسانی دیە. ئەویش لە ڕێگەی لایک و دانانی کەمینتاری پۆزەتیڤەوە بە ئەوانەی کە وێنەکانی خۆیان بلاودەکەنەوە. چونکە بلاوکردنەوەی وێنەی خۆیش، جۆرێک لە ئازایەتی پەویستە. ئەوەی کە ئەم جۆرە بە ئیکۆلۆژیەکی

کەمالایەتی ناودەبرێت لە خۆیدا زۆر ئیکەلەگیانە نییە بە ژینگە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سیلفیگرتن چەند گازی دووم ئۆکسیدی کاربۆن مۆسرەفدەکات، ئەمە بە خۆی بابەتی باسکی ترە.

هەرچەندەک ئەمە بیرکەینەوە و سەرنجمان لەسەر سیلفی بێت، ئەمە خۆمان لەبەرانبەر subkultur ،ژۆرفۆرهەنگەکەدا دەبینینەوە کە هاتووە تا بمێنێتەوە. بەوەی کە عەقڵ گۆڕکانی سەردەممان چاویان ناچێتە سەر ئەم دیاردە کولتووریییە بەو شێوەی کە دەبوایە، گرژاوەی شتیکە دەربارەی خۆیان وەک لەوەی دەربارەی ئەم فۆرمە کولتوریییە بێت. ئەوشمان بیرنەچێت کە **Roland Barthes یەکێک لە جوانترین تێکستەکانی خۆی سەبارەت بە ئۆتۆمبیلی Citroën بوو. با سیلفیش مرد بێ، بەڵام بژی سیلفی.**

لینکی وتارەکە بە سویدی لە ڕۆژنامەی ئەوارانی سویدی ئافتۆنبلادیت.

https://www.aftonbladet.se/kultur/konst/a/z7ajdr/sinziana-ravini-om-selfies

---

بەشداری پارتی لە شۆڕشی حاجی ئۆمەران لە نێوان مەسعود بارزانی و سەید کاکە!-3-… عەلی مەحمود محەمەد

تەنانەت کۆنەکانی ڕاگەیاندنی ئێرانیش هەموو دوبارەی دەکەنەوە کە پارتی شەریکە ئۆپەراسیۆنی سەرکەوتووی فەجری دوو بووە, بە پێچەوانەی زۆرینەوە, مەسعود بارزانی سەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەو کات و ئێستا, هاشا لەوە دەکات بەشداری ڕاستەوخۆی ئۆپەراسیۆنی فەجری دوویان کردبێت, وەلە هەر خۆشی دان بەوەدا دەنێت کە ئاگاداری پلامارەکە بوونە و هەماهەنگییان لە دوو قۆناغەوە بە قازانجی ئۆپەراسیۆنی فەجری دوو و کەماری ئیسلامی ئێران کردووە, لە بەری قسەی ناودەشت و سیدەکان, گرنتیان داوەتە کەماری ئیسلامی ئێران لەم دوو قۆناغەوە بەخەم بن و دڵیان پارێزن لە مەترسی پلاماری

سوپای عێراق, ئەوەی کەمترین هوشیاری کاری سەربازی هەبێت دەزانێت هەر ئەوەندە هەماهەنگی و بەشداریيە لە پرسەی جەنگ, بە هەرشی هەزمك بە ناو خاکەی ولاتەکی دیکە پاراستنی هەرش بەران لە دوو قۆ لە کەی سێ قوە زەر زیاتریشە لە بەشداریکردن, هەزی پێلامارداەر لە قولایی 16 کم دەورەدراوە بە هەزی وەاتی هەرش بەکراو کە لەوکاتەدا لە لوتکەی بەهەزی خێدا بوو.
هەندەك لە بەشداربووانی ئەوکاتی بەڕەی ناودەشت پێیان وایە بەشەك بوونە لە بەڕەی شەکە ئەگەر لە ئەپەراسیۆنی حاجی ئەمەران تاکە کەسکیش بەشداری نەکردبێت, بەڵکە هاوکات و هاوتەنیشت بەڕێەکی دیکەیان کردبێتوە لە مەژووی نوەی کورددا بە شەڕی قەندیلی دوو ناسراوە, بەڵام ساغبێتوە پارتی وەك چاوساغ و ڕێنیشاندەری کردووە لە حاجی ئەمەران و هەزەکانی ئێرانی بردبێتە ناو قولایی خاکی عێراقەوە , بە قولایی 10 میل بە پشت سەنگەرەکانی حکومەتی عێراق لە بەڕەی حاجی ئەمەران و 24 کاتژمێر زووتر بەشداری ئەپەراسیۆنەکەی کردووە, دیارە بارزانی ئەمەش بە بەشداری لە جەنگ نازانێت, چونکە فیشەکی تەدا نەتەقێنراوە, لە رووی سەربازییەوە کارەساتی خولقاندووە بە هەزەکانی عێراقی, هەموو دەزانین هەزەکانی پارتی لە روی چەك و مرێیەوە لەوکاتە لە ئاستی ئەپەراسیۆنەکی وادا نەبووە, ئەوەی هەیبووە شارەزایی و ناسینی خەکی ناوچەکە و زانیاری هەواگری بووە, شارەزایانە ئەمانەی بەکار هێناوە وەك ڕاگەیاندنەکانی ئێرانی ئاماژەی پێ دەدەن.
بارزانی لە یاداوەرەکانیدا دێنووسێت "بە مەبەستی کەمکردنەوەی گوشار لەسەر بەرەکانی ناوەڕاست و باشوور, ئێران بەیاری دا بەڕێەکی نوە لە میحوەری حاجی ئەمەران بکاتەوە لە ژێر ناونیشانی (وەلفەجری دوو), بە ئەم مەبەستەش پلانی گرتنی بەرزاییەکانی حاجی ئەمەرانی داشت, بە پێی پلانەکە هەزەکەیان تا گەڕەك دادەبەزین بە مەبەستی کردنەوەی ڕێی قەسرە بە ناودەشت.
سەرهەنگ شیرازی و موحسین ڕەزایی سەردانی خانەیان کرد, بە مەبەستی باس و گفتوگە لەسەر پلانەکەیان و داوای چاوپێکەوتنی منیان کرد. لەبەشەکی دیدارەکەدا داوای بەشداری پێشمەرگەیان لە هەرشەکەدا کرد, لە وەڵامدا بەم ڕوون کردنەوە کە پێشمەرگە ناتوانێت راستەوخە بەشداری لە هەرشەکەدا بکات, چونکە هەزی گەورە, ئیمکاناتی پێویست و ئەزموونی شەڕی سەربازیی گەورەمان نییە, شەڕی ئەمە شەڕی پارتیزانییە.
پێشم گوتن, ئەمە هەز دەنەرین بە ناوچەی ناودەشت و بەمەش ئەوە لە لایەکی بەڕەی شەڕ دەنیا دەبن و بە ئەمەش دەرگایەکی گەورە بەڕەو ناوچەکانی ڕەواندز و قەڵادزە دەکەرێتەوە و ....., لە لای بەڕەی

ڕۆژاواش, واتا لای سیدەکان, هەزمان هەیە و هەر هەڕەشەو مەترسیەك لەو دوو ڕێوە بەتان بێت, پێشمەرگە بەرێیان پێ دەگرێت و ڕووبەرووبان دەبێتەوە, چونکە دیار بوو مەترسیی ئەوبان هەبوو لە دوو لاوە هەرشیان بکرێتە سەر, بۆیە بەم وەتامەی من زەر خۆشحاڵ بوون. هەروەها پێم گوتن کە بە ناوچەی ناودەشت لە ڕووی لۆجستیکەوە زەر دوورەو کاتێکی باشی پێویستە تا ڕێی قۆسڕە دەکرێتەوە, بۆیە ئاگەر ئەوە لە ڕووی گواستنەوەی بریندارو گیاندنی پێویستیەکان بە هەلیکۆپتەر یارمەتیمان نەدەن, بە مانای ئەوەیە لەو بڕیە تووشی کارەسات دەبین.
بە ئەو مەبەستە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی بڕەی جود قسەمان کرد, لە مەکتەبی سیاسی پارتیش کۆبوونەوە کرا, هەموویان پێیان خۆش بوو هەزی جوود بچێتە ناوچەی ناودەشت. بەیار بوو ئاگەر یەکێتیش ڕەی پێگرتن, لەسەر ئەو تاوانانەی بڕامبەر بە پێشمەرگەکانی حشع و حسك لە بەهاری 1983 کردبووی, تەنەی خەیان لە یەکێتی بکەنەوە, کە دەیان پێشمەرگەی دیلی لە شەهید کردبوون. لە کۆبوونەوەکەدا بەیار درا کە کاك ئیدریس لە لایەن جودەوە سەرپەرشتی هەرشەکە بکات" لەڕەدا ئایا بارزانی ئەنجامی کۆبوونەوەی خەی لە گەڵ ئڕانیەکان بە لایەنەکانی بڕەی جود باس کردووە؟؟".
لەسەر وردەکاری پلانەکە, ناکۆکی کۆتە نەوان ژمارەیەك بڕپرسی سوپای پاسداران و جەیشی ئڕانەوە, کە نا کامە و لە خەبایی بوون. کەسەکیان بەناوی ڕەبیعی گوتی: هەزاران پاسدار شەهید بێت بەتان گرنگ نییە, بەڵام ناتانەوێت پێشمەرگەیەك خوێنی لە بێت. منیش بە تۆندی وەڵامم دایەوە, دواتر هەموو ڕەخنەی تۆندیان لە ڕەبیعی گرت. بەشداربوانی کۆبونەوەکە بڕیتی بوون لە سەرهەنگ ستاری, نەونەری جەیش, سەرهەنگ جەلالی, نەونەری لەشکری 64ی ورمێ و ئیستەکی, نونەری سوپای پاسداران).
ڕۆژی 20-7-1983, هەرشی ئڕان بە بەرزاییەکانی باکوور و باشوور و ڕۆژئاوای حاجی ئەمڕان دەستی پێکرد. سەرەتا لە زەر شۆن سەرکەوتنی بە پێلیان بە دەست هێنا و بەرزاییەکانیان گرت, بەڵام لەناو خودی حاجی ئەمڕان و شەقامەکانی بە دەربەند, عەراق بەرگریەکی تۆندی کرد, بەڵام دوای شکەکی قورس حاجی ئەمڕان تا ڕایات و بەرزاییەکانی بەتەواوی کۆتنە دەست ئڕان. دوای گرتنی ناوچەکە هەر زوو ناوی شونەکانیان گۆڕی و ناوی خەیان لەسەر دانا, کە من بەم کارەیان نیگەران بووم و لە کۆبونەوەی ڕۆژی 30-7-1983 لەگەڵ شیرازی و موحسین ڕەزایی ناڕەزایەتیەکی تۆندم نیشان دا, داوام لە کردن ڕێنمایی و ئامۆژگاری بە هەڕەکانیان بدەن واز لەم کارەیان بێنن و بە کردەوەش کردیان. ئڕان نەیتوانی لە ڕایات

بچێتە خوارتر, بەهەی ئەم شەڕەوە خەڵکەکی زۆر لە ناوچەکە ئاوارە بوون . بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد – بەرگی چوارەم 1975-1990 شەڕەشی گوڵان – ل 202, 203, 204″.

پێی دەچێت پارتی و ئێران بە ئۆپەراسیۆنەکە ژووری عەملیاتی هاوبەشیان پێك هێنابێت, دەنا کەبوونەوە دوای کەبوونەوە چۆن وا بە سانایی و زویی ڕێکدەخرێت؟؟, ئەگەر پارتی بەشدار نییە چ پێویست دەکات بەم هەموو کەبونەوانە, لە لایەکی دیکەوە ئەو مەژووی بارزانی دیاریکردووە بە کەبونەوەی دووەم و ناڕەزایی دەربڕین بە گەینەی ناوی شۆڕشگێڕان لە لایەن ئێرانەوە هەیە, ڕاستە لە 20ی یەلی ئێرانیەکان و پارتی بەناو هێزەکانی بەعسدا 24 کاتژمێر زووتر چوونەتە پشت بەرەی شەڕەوە, لە هەشتا تەقە دەستی پێکردووە, شۆڕشگێڕان هەموو بەدەست عێراقەوەن, لە کاتژمێری یەکەمی هەینی ڕێکەوتی 22-7-1983 شەڕە دەستی پێکردووە, بە گەینەی ناوی شۆڕشگێڕانیش کەوتەتە دوای ڕێکەوتی دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکەوە, بەیە ئەو کەبونەوەیە دوای ئەو مەژووە ئەنجام دراوە کە بارزانی ئاماژەی پێی داوە لە یاداشتەکەیدا.

لە هەمان کاتدا ئەگەر بەشدار نین لە ئۆپەراسیۆنەکە, پێویست بە ناڕەزایەتی دەکات لە گەینەی ناوی تەنانەت چیاکانیش؟.

“هێزەکانی ئێران لە لایەن شیرازی و موحسین ڕەزاییەوە فەرماندەیی دەکران, هێزەکانی عێراقیش لە لایەن فەریق روکن , نەعمە حوسێن فارس ئەلمحیاوی, فەرماندەی فەیلەقی پێنجەوە سەرپەرشتیی دەکران. سەددام خەیشی سەردانی دیانای کردبوو, لەم شەڕە عێراق چەکی کیمیایی بەکار هێنا.

لە بەرەی ناوەشتیش کە هێزەکانمان چەندین جار کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری فڕۆکە و هەلیکۆپتەرەکانی عێراق, ئێران بە هیچ شێوەیەك هاوکاریی نەکردین. لە ڕۆژی 6ی ئاب هێزەکانمان بە چەی بەردومان کران و دوو پێشمەرگە شەهید بوون و سێیش بریندار بوون . بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد – بەرگی چوارەم 1975-1990 شەڕەشی گوڵان- ل 205″. بارزانی ئاماژە بەوە ناکات, هێزەکانی ئەوان کە فەرماندەیی دەکرد؟, شۆڕشی فەرماندەییەکە کوە بوو؟.

” هەرچەندە شکستەکەی سەددام بەرانبەر بە ئێران, شکستەکی گەورە نەبوو, بەڵام کردی بە بیانوو بە تاوانە مەژووییەکەی بەرانبەر بە بارزانییەکان و لە ڕۆژی 31 تەموزی 1983 دا هەشت هەزار کەسی بارزانی لە تەمەنی 12 تا 90 ساڵان جینۆساید کرا. بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد – بەرگی چوارەم 1975-1990 شەڕەشی گوڵان-ل 206.”.

لەوکاتەدا کە ئێرانییەکان لە فڕۆکەی یەك لە باشوور بە سەخی تەك

شکابوون, سوپای ئێران دەهنرێتە پشت جبهەوە بە قولی ئێرانییەکان, پانتاییەکی 380 کم چوارگۆشە لەو ناوچە سەختە داگیر دەکرێت, زیاتر لە 4000 کوژراو بریندار و سەدان دیل دەدرێت, تەرزەکی نوێ لە جەنگ لەناو خاکی عێراق دادەهنرێت, بە قازانجی کەماری ئیسلامی ئێرانو بە بروای کاك مەسعود بارزانی شکستەکی گەورە نەبووە؟, هەرچەندە هیچ بهانەیەك بە جینەسایدکردنی ئەو بارزانییە سڤیلانە نەبووە, هیچ رەهەکیان لەو ئەپەراسیۆنەدا نەبووە, ئەوەی کرا بەیاری مەرگی دژەوەی پرسەی دادگاو جینەسایدەکی عیار 24 بوو.

دیارە بارزانی ئاگای لەوە نییە لەم شەڕەدا داهنانی کردووە, بەوەی جەنگی ئێران عێراقی هناوەتە ناو خاکی عێراقەوە, بە تایبەتیش ناو کوردستانەوە, بەتە ماوەرانی بە ناوچەیەکی بەرفراوان لانی کەم 43 گوند و شارە دە , بووە سەرتایەك بوو بە وەرانکردنی کوردستان و سوتاندنی لە ئاگری جەنگی کۆنەپەرستانەی ئێران عێراقدا. بەو کارەی هەزە چەکدارەکانی لە خەبات بە رزگاری نەتەوەیی کردەتە هەزەکی ئاراستەکراو لە لایەن ئێرانەوە.

بارزانی دەزانێت ئەمەی ئەو دەیکات ئینکارکردنە لە بەشداری لە جەنگەك بەتە هەکاری تاوانەکی مەزن, ئیتر قوربانییەکان چی ئەو بن گرنگ نییە, بە مرۆڤایەتی, گرنگ هەڕەی ئەو هەکار بووە بە تاوانەکە و پەویستە دان بە راستییەکاندا بنێت و داوای لەبوردن لە قوربانییەکان وخەڵکی ناوچەکەو هەموو زیان لەکەوتووانی ئەپەراسیۆنەکە بکات و بە سامانی پارتەکەی قەرەبووی مادییان بکاتەوە, وە تەواوی دەکەمەنتەکانی تایبەت بە ئەپەراسیۆنەکەو زانیارییەکانی ئاشکرا بکات, کاتەکیش دوای سێ بە پێنج ساڵ هەمان پرسەو کار چەندین جار دووبارە دەکاتەوە, ئەمجارە لە گەڵ ینك و حسیك و بزووتنەوەی ئیسلامی و حیزبوڵاکان, دژبەی ئەویە ژیانی خەڵکیان بە گرنگ نەبووەو قوماریان بە چارەنووسی گەلەوە کردووەو پێندیان لەو شکستە گەورەیە وەرنەگرتووە.

سەید کاکە پارتی بەشداری کردووە؟

سەید کاکە یەکەك لە فەرماندە مەیدانییەکانی ئەوکاتی حسك و ئەندامی سەرکردایەتی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یاداشتەکانیدا دەنووسێت"... حیزب "مەبەستی حسیك "منیان نارد بە ناوچەی حەسارەست هەرەمی 9ی باەکمان لەوە بوو ئەحمەد فەقە رەش بەرپرسیان بوو ماڵ و منداڵی لەوە بوون, کە چووم بارودۆخەکە زۆر باش بوو چەند شەڕەکمان لەگەڵ رژێم کرد. هەر لەو کاتەدا ئێران

هەرشی کردە سەر ناوچەی حاجی ئۆمەران ئەمە لەسەر شاخی بەردبووك بووین تەماشای ئەو شتەمان دەکرد چونکە شاخی بەردبووك لە ناوچەی چەمان و حاجی ئۆمەران و رایات و ئازادی و زینوی لە دیاربوو سوپای عێراق زۆر بەرهەستیان نەکرد حاجی ئۆمەران و زیوە و خەلان و ئازادی و رایات لە لایەن ئێران گیران و پارتی 50 پێشمەرگەیەکیان لە گەل بەشی ئێران بوو تەنیا بە شارەزایی هاتبوون و شتیان نەدەکرد, بەلام هەندێك چەکی هەردوو لایان " عێراق و ئێران" یان بە خۆیان کەکردەوە و زۆر کەس لە پاش گرتنی حاجی ئۆمەران و ناوچەکە پەوپاگەندەیان دەکرد دەیانگوت پارتی دەوری باشی هەبوو. ل 344-345 بیرەوەری پێشمەرگەیەك – سەید کاکە- چاپی چوارەم 2020.
سەید کاکە وەك شایەد حاڵێك و بینەرێکی هەرشەکە دان بەوەدا دەنێت کە پارتی بەشداری شتەکەی کردووە وەك شارەزاو چاو ساغ, و دەستکەوتیشیان هەبووە.
لە روی سەربازییەوە شارەزاو چاوساغی رێی کاراترە لە بەشداری سەربازی نە شارەزا بە تایبەت لە ناوچەیەکی سەختی وەك حاجی ئۆمەران, بە ئێرانییەکان ئەو شارەزایانە رێی زیاتر لە سەدان جاری نا شارەزاکانیان بینیووە لە ئۆپراسیۆنەکە.
ئەگەر پارتی بە یەك کەسیش بەشداری ئۆپراسیۆنەکەی کردبێت, هاتبێتە ناو سنووری گەلپانی ئۆپراسیۆنەکەوە, وە کارەکی دیاری کراوی لە بەرژەوەندی لایەکی شەکەرەکان بینیبێت ئەوا بەشداری ئۆپراسیۆنەکەی کردووە لە رووی پراتیکەوە.
کەماری ئیسلامی لە جەنگدا شەڕێ مرێیی لە پەلامارەکانی بەکار دەهێنا بە تەقاندنەوەی کەگەی مینەکان و بینینی سەنگەرەکانی پێشەوەی سوپای عێراقی, هێزی زۆر بوو وە پەویستی بە چەکداری پارتی نەبوو لە بەری جەنگ, بە ئەو ئەوە گرنگ بوو ئەو چاوساغانە 24 کاتژمێر زووتر, هێزەکانیانیان بردە پشت سەنگەرەکانی پێشەوەی سوپای عێراق و ئامادە کران بە چرکە ساتی هاوارکردنی ئەلاهو ئەکبەر و راگەیاندنی سەرکەوتن, لە رووی سەربازییەوە ئەوە گەورەترین کار بووە لە مەودای ئۆپراسیۆنەکە کرابێت, خودی ئێرانییەکانیش لە لەدوان و نووسینەکانیان ئەو دەست راکێشانە بە سەرکەوتنی ئۆپراسیۆنەکە دەزانن.

ئەی پرۆفیسەر عەلی تەتەر چی دەڵێت؟

بە پێی ئاماژەی دکتەر عەلی تەتەر پارێزگاری ئێستای شاری دهۆك بێت لە وتارێك بەناوی " حکومەتی عێراق و جینۆسایدی بارزانییەکان"
https://www.facebook.com/photo.php?fbid=397558890345662&set=a.

1684232432592 29.26111.1654226035592 93&type=1&relevant_count=1
“کە لەساڵی 2013 لە ژمارە 940ی گۆڤاری گوڵان باوی کردۆتەوە, پارتی بەشداری ئەو شۆڕشەی نەکردووە, ئەو هەڵوێستەکەی لە وتەی پێشووتری بارزانی وەرگرتووە, نەك ئەنجامی لێکۆڵینەوەو شیکاری پرۆفیسۆرێك بێت لێکۆڵینەوە لە رووداوەکی مێژوویی بکات بۆتە هۆکاری کردەیەکی جینۆسایدە, ئەو دەنووسێت” مەسعود بارزانی دەڵێت:” ساڵی ١٩٨٣ ئەمە لە شۆڕشی حاجی ئۆمەران بوو شۆڕشێدا نەکردبوو، هێزەکانمان لە ناوچەی (ناودەشت) بوون و بڕیاری شۆڕشی ئەمە لەگەڵ ئەوان جیاواز بوو و ورژاندنی بەشداری پارتی دیموکراتی کوردستان لە جەنگدا، تەنیا بیانوویەك بوو بۆ لەناوبردنی بارزانییەکان.«”لێرە پرۆفیسۆر تەتەر وەك شایەدحاڵێك قسە ناکات راستییەکان دەربخات, بەڵکە وەك داکۆکیکارێك بڕگری لە وتەی سەرکۆکەی دەکات.
بە وتەی دکتۆر عەلی تەتەر بەڕێز مەسعود بارزانی ساڵی دواتریش دووبارە نکۆڵی لە بەشداریکردنیان لە فەجری دوو کردۆتەوە, کە دواتر فەتحیشی بۆ زیادکرا “مسعود بارزانی لە پاییزی ١٩٨٤ لە وەلامی پرسیارێکی گۆڤاری (ئەلحوریە)دا کە ئایا ئەوان لە گرتنی حاجی ئۆمەران هاوکاری ئێرانیان کردبوو؟ لە وەلامدا وتبووی: ئێران هێزێکی زۆری مرۆڤی هەبوو و پێویستی بە هێزی ئەوان نەدەکردو ئەو قسانەی کە لەسەر زاری سەدام حوسێن بلاوببوونەوە تەنیا بیانوویەك بوو بۆ بەسەروشوێنکردنی بارزانییەکان. “.

بەڵگەیەکی دی کاك دکتۆر تەتەر بۆ بەشداریەنکردنیان ئەوەیە” هەتا حکومەتی ئێران بڕیاربەردنی ئەم ناوچەیەی نەدابووە دەست پارتی، لە کاتێکدا کە ناوچە و دەوروبەری لە ژێر کاریگەری پارتیدا بوون، بەڵکو بڕیاربەردنی دابووە دەست هێزەکانی حزبی دەعوەی ئیسلامی.”, ئەم بەڵگەیش بۆ پرۆفیسۆرێکی یاریدەدەر زۆر لاوازە, قوتابی من بوایە سفرم دەدا پێی, خۆ دواتر لە هەڵبجەش ئێران هەر وای لێیان کردووە, ئێران تەنها وەك مقاش و کرێگرتە ئەوانی بەکار دەهێنا, نەك بیانکات بە شەریك و حوکمڕان و سەرداری ناوچەکانیان, لەوەش زیاتر بەعس بە بەعسی خۆی ناوی چیاو بڕزاییەکانی ناگەڕێ, کەچی ئێران لە یەکەم چرکەی داگیرکردندا ناوی دەوروبەری حاجی ئۆمەرانی کردە شەهید سەدر.

ناودەشت خۆ لە بەتلیس نییە, بە چاو شۆڕشکە ئەبینن ئەگەر لە بڕزاییەکانی گابەڵك و سەری پایەو زینۆی گەزەوە سەرپەرشتی ئەپەراسێنەکە کرا بێت, لە جەنابی پرۆفیسۆر نە ئاگای لە

جوگرافیایە, نە مەژوو, نە شارەزای کاری سەربازیش, لە هەمووشی خراپتر میتۆدی زانستی لەکەڵینەوە نازانێت یان پێیەوی نەکردووە لە لەکەڵینەوەکەی بە گەیشتن بە راستییەکان نەك بەرگریکردن لە سەرکەکەی.
لە کۆتایدا پێویستە راستییەکان ئاشکرا بکرێن,نکۆی لە حەقیقەت نەکرێت, دان بە هەڵەکاندا بنرێت و لە یاداشتەکاندا راستییەکان بووترێت وە قەرەبووی مادی و مەعنەوی قوربانیانی فەجری دوو بکرێتەوە.

ماویەتی...

کارگەی شیعر!... سەدیق سەعید وەندزی

ئایا شیعر نووسین ئیلهام و سرووشە، یان وەک هەر دەقێکی دیکە، پلان و ئامان و بیرکردنەوەیە و بە بەرنامە دەنووسرێت؟ شیعر چۆن لە دایک دەبێت و لە چ هەلومەرجێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەنووسرێت؟ هەنگاو تا ئێستا شاعیرانیش بە وردی و هەڵەیی نەیانتوانیبێت، گوزارشت لەو ساتە دەروونی و ڕوحیانەی خۆیان بکەن، کە شیعری تێدا دەنووسن. بەکو وەک پێشەو وتەنی (وەک شۆخێکی دووەیە، بە دەگمەن دە یان هەر نایە). بۆیە بە بۆای من، شیعر نووسین دۆخ و سرووتێکی زۆر تایبەتی ڕوحیە و کردەی شیعر نووسین لە دەرەوەی ئەو زەمەنە فیزیکییە کە شاعیر تیایدا دەژیت و بەکو زەمەنی پێنهانی ناخ، هەڵەی بنەڕەتی لە نووسینی شیعردا هەیە. ئەمە بەو مانایە نییە، کە زەمەنی دەرەکی، بەرکەوتن لەگەڵ واقیع و ڕووداوەکانی دەوروبەر، فاکتی نووسینی شیعر نەبن ، بەکو بەو مانایەی هەر چیەک و هەرچەنەک بێت، دواجار شیعر نووسین کردەیەکی دەروونی سۆخت و ئاڵۆز و ئەوە نییە شاعیر بۆی دابنیشێت و هەر هەژە و شتێک بنووسێت و هەر ڕووداوەک و دیاردەیەکی بینی، بیکاتە نووسین و دواتریش بە خەیاڵی خۆی ناوی بنێت شیعر، بەدەر لەوەی ئاخۆ لە تەوانینی ئەوانیتر ئەمانە شیعرن یاخود نا؟ بەگومان شیعر نووسین، پێویستە بە هەردوو زەمەنی دەروونی و مەژووییەوە، شیعر

لە ڕووی فیزیکییەوە، تەنە پەیوەندی بە مێژووی نووسینی شیعرەوە هەیە، ئەوەی وەک وزەیەکی شاراوەی شیعری دەمێنێتەوە لە پاڵ نووسینی شیعر، زەمەنی دەروونی شاعیر و ئەو بیر کردنەوە و ئامان و سرووتە ڕوحیانەن، کە شیعری تێدا لە دایک دەبێت. دەشێ ئەم ئەزموونە جوانتر و بابەتیانەتر شاعیران لەی بدوێن و گوزارشتی لێبکەن، ئەو کات بە وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەین، کە ئاخە شیعر بە بەرنامەی ڕێژانە دەنووسرێت؟ ئایا هەموو دەمێک، هەموو ڕووداوێک، هەموو کات و شوێن و بارکۆتنێک دەبنە هۆنینی نووسینی دەقێکی شیعری لای شاعیران؟ یان هەڵومەرجێکی کەسی و خودی زۆر تایبەتە، کە دواجار شیعری تیادا لە دایک دەبێت. شیعر، ماتریالێکی دروستکراو لە قوە و بەرد نییە، تاکو شاعیرێک بتوانێت ڕێژانە، لە جۆرەها وێنە و دیکۆری جیاوازدا نمایشی بکات، بەڵکو پەیوەستە بەو بارە کەسی و ڕوحیەی شاعیر تیایدا دژیت و ئەو بارە دەروونییەش لە پەیوەندی لە گەڵ واقیع و ڕووداوەکان دایە، بەڵام مەرج نییە ئەو پەیوەندییە، بەردەوام زەمینەی شیعرێکی نوێ بنەتە ئاراوە. چونکە ئەوکات ئەمە لە بەردەم دروستکردنداین نێک نووسین، دروستکردنیش ڕاستە بیرکە و ئامانی دەوێت، بەڵام کردەیەکی پراکتیکییە لەوەی زۆرینەی و هزریی بێت. وەختە شیعر نووسین لای شاعیرێک دەبێتە کردەیەکی ڕێژانە، بە نموونە وەک قاوە خواردنەوە و جگەرە کێشان و هەرکارێکی دیکەی ڕێژانەیی و ڕۆتینی، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەمە لە بەردەم دەقێک نین کە ناوی شیعرە، بەڵکو تەنە لە بەردەم گوتن و نووسین داین کە دەشێ هەموو کەسێک بتوانێت ئەوە بکات. ئەگەر شیعر تەنها نووسین بێت، ئەوا ئێستا زۆربەی هەرە زۆرمان شاعیر دەبووین، بەڵام پرسیار ئەوەیە بە هەموو کەس ناتوانێت شاعیر بێت؟ من لە ژیانی خەمدا، خوێندنەوەم بە دیان دەقی شیعری کردووە، لە هەندێکیان ئەوەندە نزیک بووەتەوە، تا ڕادەی چوونە نێو ئەو فەزا تایبەتە شیعرییەی کە شاعیر شیعرەکەی تیادا نووسیوە، بەڵام لە هەموو ژیانم نەمتوانیوە یەک دێڕە شیعریش بنووسم. ئەمە بۆچی وایە؟ چونکە پەیوەندی بەو سرووتە تایبەتی و ڕوحی و دەروونییەوە هەیە، کە شاعیر هەیەتی و لای من بوونی نییە. لە ئەزموونی شیعری شاعیرانی ئەمەدا، نموونەی گەلێک شاعیر هەن، نێک لە ماوەی هەفتە و مانگ و ساڵێکدا، نەیانتوانیوە شیعرێک بنووسن، بگرە دوای تێپەڕبوونی دیان ساڵیش، ئەو کات دەقێکی پشووتریان تەواو کردووە. ئەحمەد هەردی، شیعرێکی هەیە لە ساڵی 1946 نووسیویەتی و دوای سی و حەوت ساڵ لە 1983 تەواوی دەکات. واتا دوای نزیکەی چەل ساڵ. لێرەدا، زەمەنە فیزیکی و مێژوویەکە دێڕوات، بەڵام زەمەنی دەروونی و ناخەکی شاعیر، کە پەیوەستە بە زەمەنی نووسینی شیعر دەوەستێت، تا

ئەو کاتەی جارێکی دیکە ئەو زەمانە دەروونییە دەبێتەوە پاڵنەری تەواوکردنی شیعرەکە. ئەگەر شیعر نووسین وەک کردەیەک بووایە، ئەوا دەبوو بە ماوەیەکی یەکجار کورت، هەردی ئەو شیعرە تەواو بکات، بەڵام بۆچی دوای سی و هەفت ساڵ تەواوی دەکات؟ بەگومان چونکە ئەو سرووتە ڕوحیە و ئەو فەزا دەروونییەی پێویستن بۆ نووسینی شیعر، هەشتا ئامادەیان نەبووە. وەختێ شیعرەکەش تەواو دەکات، هەست بە هیچ جۆرە دابڕانێک ناکەین کە لەنگەدانەوەی لە سەر ناوەکی شیعرەکەوە هەبێت، تەنانەت هەستیش ناکەین ئەو دەقە، لەو ماوە دوور و درێژە نووسرابێت و تەواو کرابێت. لەفیق سابیر، کە لاوکی هەڵبجەی نووسیوە و بووەتە ناسنامەی ئەو شارە، لە دوای کارەساتی هەڵبجەوە شیعرەکەی نەنووسیوە، بەڵکو دوای زەمەنێکی درێژتر، ئەو کات ئەو کارەساتە لای ئەو دەبێتە شیعر، چونکە لە سەرەتادا ئەو سرووتە ڕوحیە، ئەو هەژانە دەروونییە بوونی نەبووە، تا ماوەیەکی زۆر دوای کارەساتەکە. هەر لەفیق سابیر خۆی، لە کتێبی (ڕوانین بە نەوەی ڕووناکیدا) لە بارەی کردەی شیعر نووسینەوە قسەیەکی یەکجار جوان و سەرنج ڕاکێش دەکات و دەڵێت:(لە ڕاستیدا لە کاتی نووسینەوەی شیعرەکانمدا هەرگیز ئەو هەستەم نەکردووە کە ئەوە من نیم کە دەنووسم، بەڵکو هەستێکی ئەوەندە بەهێز و ئەوەندە ڕاستەقینە هەیە کە ناچارم دەکات بنووسم. ئەوە هەستێکە کە هەرگیز ناتوانم ڕوونی بکەمەوە و ڕاڤەی بکەم):(کە خاڵە شەهاب و ئەنوەر زەراب و جەعفەر عەبدلواحید) سەرکردەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران دەستگیر کران، من شیعرێکی درێژم بەیان نووسی، بەڵام هەمان ئەو قارەمانانە کاتێ لە سەدارە دران، نەمتوانی یەک دێڕیشیان بۆ بنووسم. خۆ کردەی لە سەدارەدانەکە، تراژیدیترە لەگیرانەکە و ڕووداوی شەهید کردنەکەیان، سەد ئەوەندەی گیرانییان مایەی خەم و نیگەرانی و غەمگینی بووە، بەڵام بۆچی هیچ شیعرێکیان بۆ نانووسرێت؟ چونکە لە بنەڕەتدا، زەمەن و فەزای نووسینی شیعرێک کە ڕەنگەدانەوە و زادەی ئەو ڕووداوە تراژیدیە بێت، لە خەیاڵ و سرووتی شیعرییانەی شاعیر بوونی نەبووە. لەو سەنگەیەوە، وەک خوێنەرێکی شیعر، زۆر سەیرم پەهات و بەم مایەی شۆخی بوو، کاتێ لەداوێنکی قوبادی جەلی زادەم کوتە بەرچاو، کە دەڵێت:_(لە ماوەی سەد و هەفتاو یەک ڕۆژدا، سەدو هەفتاو یەک دەقم نووسی و ئالینگاری ئەوانەم کرد، کە پێیان وایە، شیعر ئیلهام و پێیامە و دەبێ بە شاعیر بێت). قوباد، بە جۆرێک لە لە خۆازیبوون، داهێنان و خود شانازییەوە باسی ئەوە دەکات کە ڕۆژانە دەقێکی بە درێژایی سەدو هەفتاو یەک ڕۆژ نووسیوە. بەڵام لە ڕاستیدا، هەر کەسێک ئاشنای دنیای شیعر بێت، شیعری بەلاوە گرنگ و پیرۆز و شکۆمەند بێت، دەبێ بەو کارەی قوباد کردوویەتی، نائومێد و ڕەشبین بێت، کە شیعر چەند

سادە کراوەتەوە، چەند لە هەزی شیعرییانە و ئستاتیکییانەی خۆی بەتاڵ کراوەتەوە و چەن شاعیرانێک بەو پەڕی کەم نرخی و بە بەهایەوە دەواننە شیعر و دنیای شیعر نووسین. چونکە ئەو جۆرە لە نووسینی شیعر، نەک هیچ داهێنانێکی تێدا نییە، بەڵکو لێدان لە شیعر، بە بەهاکردن و سادەکردنەوە و بە نرخکردنی شیعرە، تا ئاستی کردەیەکی هەژانەیی و هەتیەنی، وەک هەر کارێکی دیکە کە هیچ بوونەری و داهێنانێکی تێدا نییە. نە شیعر، نە هیچ ژانرێکی دیکەی ئەدەبی، کاری هەژانەیی و پیشەیی نین، وەک دارتاشی و نانەوایی تاکو هەژانە کاریان تێدا بکەین، بەڵکو هونەر و داهێنانن و پێوەستن نین بە هەموو کات و زەمەنێکەوە. سادەکردنەوەی کردەی شیعر نووسین بە کردەیەکی ڕِەژانەیی ، نە داهێنانە، نە جیاوازکەوتنەوەیە لە شاعیرانی تر، بە پێچەوانەوە بگرە جۆرە تێگەیشتنێکی سادە و هووکەشیانەیە لە شیعر و دنیای شیعر. کاتێ شاعیرێک لە ماوەی سەد و هەفتاو یەک هەژدا، ئەوندە شیعرە دەنووسێت، دەبێ بپرسین بیرکردنەوەی شیعرییانە، هامان و سرووتی ڕوحیانە و شیعرییانەی ئەو شاعیر چی و چۆنن؟ دەشێ بە ئەم شاعیرە، بەو پێیەی ژن وەک تیمەی شیعر دەبینێت، ئاسایی بێت هەژانە شیعر بنووسێت، چونکە تا ژیان ماوە ، ژنیش هەر دەمێنێت و تا ژنیش هەبێت، سنگ و مەمک و سوخمەش هەر دەمێنن! بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئەمانە لە تەوانینی خۆنەرانیشدا هەر شیعر و دەقن، یان تەنها لای خۆی؟ من هاوڕێی شاعیرم هەیە، پێی گوتوم کە لە ماوەی دە مانگدا، نەیتوانیوە شیعرێک بنووسێت، ئیدی نازانم چۆن شاعیرێک ئەو بوێرَیەی هەیە، بڵێت سەد و هەفتا و یەک شیعرم لەماوەی سەدو هەفتاو یەک هەژدا نووسی؟ دواجار دەڵێم شاعیر، کارگە و فابریکا ی شیعر نییە، تاکو هەژانە و بە بەردەوامی بەرهەمی شیعری هەبێت. ئەگەر کردەی نووسینی شیعر، هێندە سادە و هەژانەیی بووەوە کە شاعیرێک هەموو هەژدەقێک بنووسێت، بە دنیاییەوە دەبێ گومان لە خۆی وەک شاعیر و لەو بە ناو شیعرانەش بکەین کە دەیاننووسێت !

پەراوێز: ئەمەی خوارەوە، لینکی وتەکەی قوبادی جەلی زادەیە.

https://wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=137332&Jor=5

گۆڤاری "ئایار" و "حزبی ئیدیبانی کۆمۆنیست"، یادەوەری و هەڵسەنگاندن... موئەیەد ئەحمەد

پێشنیوەڕۆی هەژدەکی زستانی (١٩٨٨-١٩٨٩) بوو؛ کە هاوڕێ جەمال (نادر عەبدوالحەمید) هاتەوە بۆ ئەو ماڵە بچووکەی تازە گرتبوومان بۆکرێ لەسەرچناری سلێمانی بۆرامبەر ویستگەی کارباکە، کە لە دوو ژوور و مەتبەخێک پێکهاتبوو، کە من و هاوژینم (شیرین عەبدوڵا) و هاوڕێ (جەمال) و هاوژینی (سوریا تاهیر) تیایدا ئەژیاین، بەووێکی خۆش و زەردەخەنەیەکی گەش و ئارامەوە، هەر وەک ئارامی ئێستای، وتی ژمارەی تازەی گۆڤاری "ئایار" دەرچووە و هاوخەتی خەیان لەگەڵ "حزبی کۆمۆنیست"دا ڕاگەیاندووە. منیش لە ناخەوە خۆشحاڵبووم و وتم (جەمال) گیان ئەمە مژدەیەکی زۆر خۆش و خەت ئەزانی بایەخکی زۆر گەورەی هەیە. دواتر ئەو وردەکاری تری باسکرد کەچۆن لەم ژمارە تازەیەی گۆڤاری "ئایار" دا هاوڕێیانی (حزبی ئیدیبانی کۆمۆنیست) ساغ بوونەتەوە لەسەر ئەم بیارە.(١)

لە یادەمە کە بەناوەڕۆکی لەم چێشنەوە وتم ئێستر تۆواو "حزبی کۆمۆنیست" و ئەم خەتە مارکسیستییە ئەبێت بە کۆمەڵایەتی و بۆ ئەبێتەوە لەناو کۆمەڵگەدا و تازە لەخەم خەساین و ئەمە جگە لە بایەخی بە خۆدی گۆڤاری ئایار. هەروەها هەردووکمان جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە دیارە ئەم دەستە ئیدیب و نووسەرە سۆشیالیست و ئازادیخوازە هەروا بەئاسانی ئەم هەنگاوە نانێن تەنانەت گەر هەموشیان ئەندامی حزبی "حزبی کۆمۆنیست" بن و ئەمە نیشانەی دیاردەی ترە.

بە بگەڕەوە بۆ ئەو کاتەی کە یەکەم ژمارەی گۆڤاری (ئایار) دەرچوو لە هاوینی (١٩٨٧)دا، لەو کاتەدا بارودۆخی ئەمنی حزبی (حزبی کۆمۆنیست) باش نەبوو، بەتایبەت هی ناوەندەکەی واتە ئایاری (حزب)، هاوڕێیان (نادر عەبدوالحمید) و (عوسمانی حاجی مارف) و (موئەیەد ئەحمەد)، و هەموو فامیلی و کەسوکار و دەست و هاوڕێیانی نزیک لەمانەوە کەوتبوینە بەردەم هەڕەشەیەکی ئەمنی جدییەوە. دەرگیری کەشێک بووبوین و وەزعیکی زۆر نالەبار گەمارۆی دابووین، سەرباری ئەمانەش بەشک لەچەپ کەوتبوونە پڕوپاگەندەی نابەجێی و تەنانەت گەڕکردنیش بە حزبی (حزبی کۆمۆنیست) و هەندی لە هاوڕێیانمان و هەر حزبێ بەهایەکمان بە قووت ئەبووەوە لەسەر شتی

زەر لاوەکی.
ئەمە لەو کاتەدا لەناوەندی (کۆمۆنیست)دا؛ بەشکی باشی کات و ئینەرژیمان بەم کێشە و دەردی سەریانەوە ئەگەشت لەبەرئەوەی بارودۆخەکەمان زەر حەساس بوو و ئەتوانم بەم سادەترین هەڵە و تێنانەت هەڵەسوکەوتکی بیرلێنکراوە لە لایەن هەر هاوەڵ و دەستکمانەوە یان کەسوکارمانەوە، ئەبووە مایەی ئەوەی بەردەست دەزگا ئەمنییەکانی بەعسی فاشیست بکەوێن و بگیرێین. لەم بارودۆخەدا بووین هەواڵی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری ئابڕمان پەگەیشت کە زەر دڵخۆشی کردین و ئاسایەکی کردووە بە ڕووماندا و هەز و توانایەکی باشی پەبەخشین.
هەواڵی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری (ئابڕ)مان هەر لە لایەن هاوەڵ نادرەوە پەگەیشت کە ئەو پەیوەندی بەختی ئەکخراوەیی کەرکووکەوە هەبوو لە ڕەگەی هاوەڵ (سەمیر نوری)یەوە. هاوەڵ (سەمیر نوری) ئاستخە لەگەڵ ئەندامانی (ڕەوت)، (جەماڵ کەشش) و (عەبدوڵا سەڵمان – مەشخەڵ) لە پەیوەندا بوو و ئەم دوو هاوەڵەیش لەگەڵ هاوەڵ (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد – هەشەنگ)دا لەناو (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)دا خەریکی چالاکی بوون. هەربۆیە هەواڵکانی گۆڤارکە و هەرشتکی تازە پەیوەندی بەحەلقەکە و گۆڤاری "ئابڕ"ەوە هەبووایە ئەگەیشتەوە بە ناوەندی ئەکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست" و ئیتر گۆڤارکەش لەناو هاوەڵیاندا بەاوئەکرایەوە.
کاتک کە گۆڤاری "ئابڕ" دەرچوو؛ هەم ئامادەیی ئەوتەمان نەبوو و هەم نەپەرژاینە سەر ئەوەی باسی تیوری ئەدەب بهێنینە ئاراوەوە و ئا و بۆچوونکانمان گەڵاڵە بکەین سەبارەت بە "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" و گۆڤاری "ئابڕ" و وتار و بەرهەمکانی. ئەمەش لە لایەکەوە بەهەی ئەو بارودۆخە نالەبارەوە کە تێکەوتبووین و لە لایەکی تریشەوە، بەپلەی سەرەکی، بەهەی ئەوەی کە ناوەندی (ڕەوتی کۆمۆنیست) لە بوارکانی ئەدەب و هونەر، بەپێی پێویست قووڵ نەبووبوو.
ئەوەندەی پەیوەندی بەمنەوە بێت، لەو ناوەندەدا، زیاتر نووسینکانی (پلیخانەف)م خەیندبووەوە و لەژێر کاریگەری بۆچوونکانی (لینین)دا بووم، بەتایبەت هەڵوێستکانی ئەو سەبارەت بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ڕەمانووسی بەناوبانگی ڕووسی (لیو تۆلستۆی)، کە ئەڵە هەموو ڕەوتکی ئەدەبی و جوانناسی فەلسەفەیکی لەپشتە(٢) و ئەدەب جیا نییە لە بەرژەوەندی چینایەتی و خەباتی نەوان چینەکان و هەروەها جەختکردنی ئەو لەسەر ئەدەبی حزبی.
هەردوو هاوەڵیانی تریش لە ناوەندی ئەکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست) هەروەک لەیادم بێت؛ نووسراوەکانی (پلیخانەف) و (لینین)یان

خەندبووەو و ئاگاداری هەوەستەکانی (لینین) بوون دربارەی (تڵستەی). ئەمەش کاریگەرییەکی هەبوو لەسەرمان کە تاادەیەک واقعبینانە سەیری ئەدەب و جواناسی بکەین. ئا و بەچوونەکانی (مارکس) و (ئەنگلز)مان لەسەر ئەدەب بەشوەیەکی تایبەت دیراسەنکردبوو، بەکوو بەچوونی ئەوانمان لە دووتەیی نووسینە فەلسەفی و ئابوری و سیاسییەکانیان هەئەهەنجا، ئەمە جگەلەوەی کە بابەت و نووسینە سیاسییەکانی "مارکسیزمی شەرشگەر" بەتایبەت نووسینەکانی (مەنسور حیکمەت)مان ئەخوەندەوە. بە هەر حاڵ؛ هیچ کەس لەو سیانەمان نە ئەدیب و هونەرمەند و ڕەخنەگری ئەدەبیی بووین و نە خوەندەرەکی تەر و تەسەلی بەرهەمە ئەدەبییە جیهانی و ناوخەییەکانیش بووین. دیارە ئەمەش کەم تا زەر کاریگەری خەی بەجئەهەڵ لەسەر گەڵاڵەکردنی سیاسەتی مارکسییانە لەبەرامبەر ئەدەب و هونەر و جواناسیدا.

بە لەبەرچاوگرتنی باری ئەمنی خەمان و ئاستی فیکری ئەو کاتەمان سەبارەت بە ئەدەب و هونەر، ئەوە زەر پەزەتیف بووە، بە ئای من کە پەشوازی گەرممان کردووە لە دەستپەشخەرییەکەی هاوەیان (جەماڵ کەشش) و (عەبدوڵا سەڵمان – مەشخەڵ)، و ژمارەی پەنجی گەڤاری "ئابەر" مان بەشەوشوقەوە بەداوکردەتەوە، و بە بەشەک لە پەشکەوتنی ئەدەبی شەشگەڵانە و ڕەکخراوی (ڕەوت) و بزووتنەوەی کەمەنیستیمان زانیوە.

ئەوەندی لەیادم بەت نەپەرژاینە سەر ئەوەی گەڤاری "ئابەر" چاپ بکەین لەو بارودەخە قورسەی چاپکردنی نهەنیدا و ئەولەویەت بە چاپکردنی نووسینە سیاسییەکانی ڕەکخراوی (ڕەوت) بوو. هەر بەیە لەگەڵ ئەوەشدا لە کەتایی ساڵی (۱۹۸۸) و سەرتای (۱۹۸۹)دا چاپخانەکەی (ڕەوتی کەمەنیست) کەوتەتە کار؛ بەڵام هیشتا "ئابەر" هەر بەدەستنووس دەرچوە. (۳)

ئەستا و پاش نزیکەی (۳۵) ساڵ کە ئاوڕ لەو دەستپەشخەرییە ئەدەبییە ئەدەینەوە، ئەبینین کە هەموومان هاوڕێ (نادر) و من، لەگەڵ ئەو دوو هاوڕێیەدا (جەماڵ کەشش) و (عەبدوڵا سەڵمان – مەشخەڵ) لە ڕۆژنامەی (ڕەوت)دا پەکەوە خەبات ئەکەین و "بانیژەی ئەدەب و کلتوور" دەرئەکەرت. ئەمە مەڕوویەکی خەباتکارانەی پە لە شانازی و بەوای پتەو بەسۆشیالیزم و مارکسیزم و ئازادی ئینسانەکان کە ئاوا کەمان ئەکاتەوە.

ئەم ئەزمونەی گەڤاری (ئابەر) و (حەلقەی ئەدیبانی کەمەنیست) بە هەر کەموکوڕی و خاڵی بەهەزیەوە پەیوستە هەستەنگینین تا ئەوەی فەرببین و وەکوو توخمەکی پرسەی لەکۆینەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین؛ لەهاستای گرتنەبەری سیاستەکی دروستی کەمەنیستی لە بواری ئەدەب و

هونەردا.
زەر سوپاسی هاوڕێی ئازیزم عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) ئەکەم کە ئەم فرسەتەی پێدام و چاوەڕوانی کرد تا بتوانم هەڵسەنگاندنم لەسەر گۆڤاری "ئاوێر" و "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" و سەرجەم ئەم ئەزموونە بنووسم.

هەڵسەنگاندنی"حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" و گۆڤاری "ئاوێر"، جیهانبینی ماتریالیستی دیالەکتیکی بۆ هونەر و ئەدەب
مەسەلەی پێشەیی لای کۆمۆنیستەکان سەبارەت بە هەڵسەنگاندن و ڕەخنە لەهەر ڕەوەند و ئاڕاستە و ڕەوتێکی هونەری و ئەدەبی و کلتووریی و هەر دەستپەشخەری و پڕۆژەیەک لەم بوارەدا، بەکارهێنانی دیدگا و جیهانبینی ماتریالیستی دیالەکتیکی و مێژوویی، واتە تێڕوانینی مارکسیستییە لە بەرامبەریاندا. ئەمەش بۆ مانایەیە کە کۆمۆنیستەکان سنوربەندی خۆیان لە بەرامبەر هەموو ئەو بۆچوون و فەلسەفە ئایدیالیستییە ئوبجێکتیڤ یان سەبژێکتیڤە جەراوجەرانەدا ڕائاگەنن، کە ئەم ڕەوەند و ئاڕاستە و ڕەوتە ئەدەبی و هونەرییانە وەک دیاردەی دەروونی پرسەی ماددی مێژوویی ژیانی کۆمەڵگەکان و کۆمەڵگەکان و سروشت لەقەڵەم ئەدەن، و بە سەربەخۆ لەم پرسەیە و لە واقعییەتی کۆنکرێتی ئەدەب و هونەر و زانست و کلتوور لەهەر قۆناغێکی دیاریکراوی ئەم پرسەیەدا و لەوانە کۆمەڵگەی سەردەمدا، ئەبینن.
لەم دیدگا مارکسییەوە؛ گەر بەوانین ئەبینین کە ئەدەب و کلتوور و هونەر و زانست بەهەی زاڵبوونی کارەکتەری چینایەتی بورژوازی بەسەریاندا لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری سەردەمدا، ناتوانرێ تەنها بەویست و ئارەزووی ئەمە بگەڕدرین بە کلتوور و هونەر و زانستی پرۆلیتاریی و کرێکاریی لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرینەدا، بەبێ هەنگاونانی بەکردەوەی چینی کرێکار بۆ ئاراستەی دامەزراندنی سۆشیالیزم و بەبێ سودوەرگرتنی لە ئەدەب و هونەر و زانستێک کە لە پرسەی مێژووی پەرەسەندنی مەعریفەی بەشەریدا کەبووەتەوە تا سەردەمی ئەمە، ئەم چینە ناتوانێت ئەدەب و هونەرێکی پڕۆلیتاری فەراهەم بهێنێ و کاتێکیش کە بتوانێت ئەم کارە بکات؛ ئەوە بەو مانایەیە کە چووەتە دەخی ئەوەی کە ئەدەب و هونەر و کلتوورێکی سۆشیالیستی و ئینسانیی فەراهەم بهێنێ کە دامەزراوە لەهەر کارەکتەرێکی چینایەتی لەوانە پرۆلیتاریش.
ئەم تیۆرانینە ماددییە مێژووییە هەم (تراتسکی) و (لینین)، بەتایبەت لە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەرەوە، دەریان بڕیوە و کاریان پێکردووە و هەم مارکسیستەکانی ئەو سەردەمە لەوانە (ئەزا

لەکسمبورگ) جەختی لەسەر کردەتەوە و لە وتارەکانی هەموویاندا دەربارەی ئەدەب و هونەر و کلتوور، گرنگی داوەتەوە. ئەمەش بەتەواوی پێچەوانەی ستالینیزم و سیاستەکانییەتی کە گوایە چەمکی "واقیعییەتی سۆشیالیستی" لە ڕووسیادا فەراهەم هاتووە؛ دژایەتی خۆی بەرجەستە کردووەتەوە بەووی ئەدەب و هونەری ئینسانی و سۆشیالیستیدا.
دەستپێشخەری بۆ وەرگێڕانی ڕووتی ئەدەبی و هونەری سۆشیالیستی و ڕزگاریخوازانە لەم سەردەمەدا، کاتێک بەئاکام ئۆگات کە لەگەڵ پێکهاتەی خەبات بۆت لە لایەکەوە بۆ ڕزگارکردنی ئەدەب و هونەر لە کارەکتەری چینایەتی بۆرژوازیانەی، بەهەموو فەرمە ئایدیۆلۆجییەکانیی زاڵ بەسەریدا و لە لایەکی تریشەوە و لەهەمان کاتدا، ڕووبەڕووبوونەوەی خەباتی چینایەتی سۆشیالیستی و شۆشگێڕانەی کرێکاران و نەداران و ستەملێکراوان بۆت. دیارە ئەمە بەو مانایەش کە پێویستە لە ناواخنی گەنجینەی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری سەردەم و لە هەر وڵاتێکی دیاریکراو و بارودۆخێکی کۆنکریتدا، ئەم کارە فەراهەم بهێنرێ و ئەم ئەدەب و هونەرە لە ڕووگەی بەرجەستەکردنەوەی فەرمی تایبەتی خۆیەوە ڕووگەی بەرەپێشچوونی بگرێتەبەر.

ئاسەی کۆمەڵایەتی و سۆشیالیستی "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" و گۆڤاری "ئاڵەبەر"
کۆنسێپتی ئەدەب و هونەری کرێکاریی؛ وەک پێژەیەک بۆ گۆڕینی کلتوور و ئەدەب و هونەر لە ئاستی کۆمەڵگەدا ناتوانی کاراما و کۆنسێپتێکی دروست بۆت. ئەم جۆرە پێژەیە وەک هەوڵ و کۆششی گروپی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ئاستێکی دیاریکراودا ئەمنەتەوە بۆبە ئەوەی بتوانی گشتگیر ببێت لە ئاستی کۆمەڵگەدا. ئەمەش بەهەی زاڵبوونی کلتوور و ئایدیای بورژوازی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا. خاڵی دەستپێک بۆ بەرەوپێشبردنی هەر ڕووتکی هونەری و ئەدەبی لە بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی کرێکاران، گرتنەبەری ئاسەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی سۆشیالیستی و ئایدیۆی هاوکاری ئازادانەی ئینسانییە.
گەر ناڕوونییەک هەبووبێ لە ناو ئەندامانی (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) و گۆڤاری (ئاڵەبەر) لەسەر ئەم مەسەلەیە بەڵای من ئەستا ئەبێ وانەی لەوەربگرین و فروانتر سەیری جۆگەوڵگەی ئەدەب و هونەر و کلتوور بکەین. ئومێدبەستن بۆ بەرپاکردن و زاڵکردنی ئەدەب و هونەر و کلتووری پرۆلیتاری بەسەر کۆمەڵگەیەکدا کە سەرمایە تیایدا حاکمە، بەئاکام ئەمنەتەوە و گشتگیر نابێت.
ئاسە و بیرکردنەوەی "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" بەناوەکیەوە

دیارە و دەتەوە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیەدا. ئەمش یانی کەمەک خەباتکاری کەمانیست لە بواری ئەدەب و هونەردا؛ تەکشاون بەدیدگایەکی مارکسیستی و پرۆژەیەکی ئەدەب و هونەری سۆشیالیستی فەراهم بهێنن و گۆشەی پێبدەن. چەند بەکردەوە ئەم پرۆژەیە ئاو کاتە ئەنجامدراوە لەم ئاستەیان کەم ناکاتەوە.
بەڵێ بەرچاوگرتنی هەموو ئەوانەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدان، یەکەم خاڵ لە هەڵسەنگاندنی ئەزموونی "حزبی ئەدەبیاتی کەمانیست" و هەروەها گۆڤاری "ئاوێر" ئاوێنەی کۆخودی ئەم دەستپێشخەرییە لە کۆشوهەوای خنکێنەری میلیتاریستی و سەرکوتی ژەمەی بەعس لە ناوەڕاستی ساڵی (۱۹۸۷)دا سەریهەڵداوە، نەک هەر ئەمش بەکوو بەردەوام بووە لە کاتی کارساتکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەدا. ئەم پرۆژەیە بەخێی هەنگاوێکی گرنگی پێشکەوتنخوازانە و شۆشگێڕانە بووە، دیارە ئاسەیەکی فراوانی سۆشیالیستی بزووتنەری هاوڕێیانی ئەم حزبەیە بووە.
ئاشکرایە کە ئەم دەستپێشکەرییە ئەدەبی و هونەرییە، قاڵب و سنووری فیکری سوپەر سیاسی ئایدیکاڵی و لاوەکی بەشکی ئاو کاتی بزووتنەوەی چەپی کوردستانی بەزاندووە و لەمەیدانێکی موشەخسدا کە بواری ئەدەب و هونەر؛ ئاسەیەکی کەمایەتی و سیاسی بەرینی گرتەبەر. گەر بەجیهانبینییەکی مارکسیستییەوە هاوڕێیانی حزبەکە بیانتوانیایە ئەم دەستپێشخەرییە بە ئاستەیەکدا بەرەوپێش بەرن کە بەتەوە لەگەڵ ئاو ئاسە کەمایەتییەی پرۆژەکەیان، بەڵای من، ئەیانتوانی هەنگاوی جیددی و سەرکوتوو بنێن بە پێشەوە لە بەرامبەر کلتوور و هونەرێکی زاڵ کە زیاتر بورژوا ناسیونالیستی بووە. بە جێبەجێکردنی ئەم کارەش چەکداربوون بە تیۆرێکی سۆشیالیستی و مارکسیستی پێگیر لە بواری ئەدەب و هونەردا مەرجی یەکەم بوو.

گرتنەبەری خەتی فیکری و سیاسی ڕەخنەگرانەی ڕووتی کەمانیست
لەو ساتەوەختەدا کە (حزبی ئەدەبیاتی کەمانیست) شکێگرتووە و (ئاوێر) دەرچووە، وەرخستنی هەر دەستپێشخەرییەکی ئەدەبی و هونەری شۆرشگێڕانە و سۆشیالیستی تا ئادیەک پێوەندیکی تووندوتۆی هەبووە بە فۆرمی سیاسی و ڕەخنەگرانەی خەباتی مارکسیستییەوە. دیارە ئەمش زیاتر لە بڕئاوەی کە بارودۆخی ئیستبداد و جەنگی؛ بەردەم سەرهەڵدانی بزووتنەوە چینایەتی و کەمایەتییە فراوانکانی کرێکاران و هەژاران بووە. بە بەچونی من (حزبی ئەدەبیاتی کەمانیست) ئەم واقعییەتی لەخێدا عەکس کردەتەوە، هەر بۆیە لەناو ئاو کۆشوهەوایەدا ئاستەوخۆ هاوخەتی خێی لەگەڵ ڕەخنەگرانەی (ڕووتی کەمانیست)دا دەربڕیوە تا هەوڵکانی بە بەجێگەیاندنی ئامانجە

ئەدەبییەکانی تەکەنیکی و کارامەتر بکات. ئەم ئاماژەیە لەخۆیدا کارەکی باش بووە، بەڵام ئەبوایە نەچێتە چوارچێوەیەکی بەکخراوەییەوە و تەنها وەک هاوخەتی فیکری و سیاسی بمێنێتەوە.
بەکردەوە دەرهێنانی هاوخەتی حزبەکە لەگەڵ بەکخراوی (بەوتی کەمۆنیست) ئەبوایە بەو شێوەیە بوایە کە هەریەکەیان مەیدانی دیاریکراوی خۆی و فۆرمی جیاوازی خۆی بۆرجەستە بکردایەتەوە تا ئەم هاوخەتییەش ماتریالیزە بوایەتەوە و بۆئەنجام بگات. حزبەکە و (ئابۆر) ئەبوایە لە خودی مانیفێستو و جیهانبینی هونەری و ئەدەبی خۆیاندا و لەکاری بۆژانە و خەباتیاندا بە سەروسیمادان بە هونەر و ئەدەبی سۆشیالیستی و شۆڕشگێڕانە لە ئاستەکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا ئەو هاوخەباتییەیان بۆرجەستە بکردایەتەوە، نەک بەشێوەی بەکخراوەیی و لەسەر سنووردارکردنی چالاکی دەستپێشخەرییە هونەری و ئەدەبییەکە.
لەگەڵ هەموو ئەوانشەدا، ئەوە هوونە کە ئەم شێوازی بۆرجەستەبوونەوەیەی هاوخەتی نەوان بەکخراوی (بەوتی کەمۆنیست) و حزبەکە، بەتەواوی پەچەوانەی ئەو بەخنەیەیە کە هونەر و ئەدەب جیا ئەکاتەوە لە خەباتی چینایەتی و لایەنگری حزبی. هەر لەم ڕاستایشدا پێویستە ناوبەکی چینایەتی بورژوازیانەی ئەو دیدگا فەلسەفییە ئایدیالیستییە سەروو چینایەتییانە بدەینە بەر بەخنە کە بانگەشەی دوورپارێزی ئەدەب و هونەر ئەکەن لەهەر پەیوەندییەکیان بەخەباتی سۆشیالیستی و بەکخراویی پرۆلیتاریاوە، یا ئەوانەی کە بانگەشەی جیاکردنەوەی ئەدەب و هونەر ئەکەن لە پرسەی ژیانی ماددی ئینسانەکان و خەباتی چینایەتی، ئەمجگە لە سنووربەندی لەبەرامبەر هەگرانی فۆرمی جیاوازی تری هەمان ئەو ئایدیانە لە ناو بەکخراوەکانی ئەو کات و ئێستای چەپدا.
ڕاگەیاندنی هاوخەتی (حزبەکەی ئەدیبانی کەمۆنیست) لەگەڵ بەکخراوی (بەوتی کەمۆنیست)دا ناتوانڕ بەهەکاری بۆڕوپێش نەچوونی ئابۆر و حزبەکە لە قۆناغم بدڕ. مەسەلە یەکلاکەڕەوەکان بە بۆڕوپێشچوونی حزبەکەی ئەدیبانی کەمۆنیست لەمجۆرە بووە بە نموونە؛ حزبەکە چ نەزەر و جیهانبینییەکی هەبووە لە بەرامبەر ئەدەب و هونەردا؟، چەند توانیویەتی وەڵام بە مەسەلە و کێشەکانی بۆرپاکردنی بەوت و ئاراستەیەکی ئەدەبی و هونەری شۆڕشگێڕانە و سۆشیالیستی و ئینسانیی بداتەوە؟ چەند توانیویەتی لەم بوارەدا مەسود و دیدگای ماددی مۆڕووییی پیادە بکات؟ چەند ئەوەی بەچاوکردووە کە ئەبە سوود لەو گەنجینە هونەری و ئەدەبییەی کە کۆمەڵگەی سەردەم و خودی کۆمەڵگەی کوردستان بۆرهەمی هێناوە لەو کاتەدا کەک وەربگرێت بە ئەوەی کە بەشێوەیەکی داهێنەرانە و بەخنەگرانە بزوتنەوەیەکی گۆشەسندووی

هونەری و ئەدەبی وەبەخات؟
هەمان ئەو مەسەلە و چەلەنجانەی کە ڕووبەڕووی (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) و گۆڤاری (ڕابەر) بوونەوە لەکاتی خۆیدا، لە ئێستاشدا بەشێوەیەکی دیکە و لە بارودۆخێکی تردا ڕووبەڕووی هەر پرۆژەیەکی تری ئەدەبی و هونەری سۆشیالیستی ئەبنەوە. هەر بۆیە لەئێستادا هەستەنگاندنی ئەزموونی حەلقەکە و ڕابەر پێوستە ببێتە وانە و کێکی لێوەربگرین.

وانەکانی ئەدەب و هونەری ڕاپەڕین لە عێراق
هەمووان بینەری ئەو دیاردەیە بووین کە چۆن بزوتنەوەیەکی هونەری و شیعری و ئەدەبی و تاڤادەیەکیش میوزیکیی هاوکات لەگەڵ (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ۲۰۱۹)ی ناوەڕاست و خواروی عێراق سەریهەڵدا و بووە بەشێکی ئۆرگانیکی ئەم هەوڵ و تەقەلا شۆڕشگێڕانەیەی جەماوەری کرێکاران و نەداران و لاوان و ژنانی ئازادیخوازی کۆمەڵگە. ئەم تەکانە شۆڕشگێڕە ئەدەب و هونەرییە چەند کاڵوکرچ بوو و چەند وەهم و ئایدیای دینی و ناسیونالیستی و عەشایری هەبوو لەوەی کەم نەئەکردەوە کە هەڵقوڵای ڕاپەڕینەکی شۆڕشگێڕانە ئەو چین تەنژانە بوو کە بەخۆشی هەڵگری هەمان ئەو وەهمانە بووە.
جگەوەگەی ئەم جۆرە ئەدەب و هونەرە لەوەدایە کە هەنگەدانەوە و بەشێکی لەکهەڵپەکراوی هەوەندی هەوە و تەقەلای شۆڕشگێڕانەی نەداران و زەحمەتکەشانە بە ڕزگاربوون لەکەتوبەندی ئابووری و سیاسی و فیکری بورژوازی و ڕژمە سیاسییە ئیسلامی و ناسیونالیستییەکەی. ئەم هەوڵە ئەدەبی و هونەرییە بەدەر لەهەموو کەموکوڕییەکانی هاتنەدەنگ بوو لە فەرمی تایبەتی خۆیدا بەرامبەر گەندەڵی، نایەکسانی، زوڵم و زۆر، ئیغتراب و بێکاری گەنجانی کچ و کور، و سەرکوت و کۆنەپەرستی دەسەڵاتی حزبە ئیسلامی و قەومییەکان. سەرهەڵدانی ئەدەب و هونەری شۆڕشگێڕانە لە کاتی ڕاپەڕین و شۆڕشدا هەردەم دیاردەی ئۆرگانیکی پرۆسەی شۆڕشگێڕانەی ناو کۆمەڵگەیە بە هاتنەدەر لە کەتوبەندی نیزامی چینایەتی و فەرمە سیاسی و فیکرییەکانی. هەر بۆیە ئۆرکی کۆمۆنیستەکانە بەوپەڕی توانایانەوە لەهەوڵی بەرەوپێشبردنی بن و لە ڕاستای ڕزگارکردنی لە وەهمەکانی کاربکەن.
ئەم بزوتنەوە ئەدەبی و هونەرییە بەهۆی زاڵی کلتوور و ئایدیۆلۆژیای بورژوازی و هێوتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئیسلامیزم و ناسیونالیزم و لیبرالیزم، و سەرکوتی ڕاپەڕین و پاشکشەکردنی خێناویانەی، نەیتوانی ببێتە کلتوور و ئاڕاستەیەکی هونەری و ئەدەبی بەهێزی کۆمەڵایەتی و کاریگەر، بەڵام تیانچوو و بەهەودا بەرزنەبووەتەوە، بەڵکوو بووەتە بەشێک لە هونەر و ئەدەبی

شۆشگێڕانە لەعێراقدا هەرچەندە لە ئاستێکی کەمیشدا بێت. یەکێک لە میکانیزمەکانی بورژوازی دەسەڵاتدار ئەوەیە کە ئەم بزوتنەوەیە ئینتیگرە بکاتەوە بە ئایدیۆلۆجیای زاڵی ئەم چینە و بە ئارامی بیپوکێنێتەوە و دەزگاکانی گۆشەسەندنی لێبگرێت و ئیمکانیاتێکی گەورەی دارایی بخاتە گەڕ تا ئەدەب و هونەرێکی ئاڵتەرناتیڤ و بە گیان و دوور لە دەی مەسەلەکانی ئازادی و ڕزگاربوونی ئینسانەکان بڕەو پێبدا. هەمان ئەم میکانیزمە لە بواری ئەدەب و هونەردا پێشتر لە بواری سیاسیدا و بەشێواز و فەرمێکی تر، بەرژوازی بەوپەڕی توانایەوە بەکاریهێناوە لەبەرامبەر هەر ئەم ئاپەرینەدا. هەروەک بینیمان بەرژوازی دەسەڵاتدار لە سەرتاسەری عێراقدا هەتا ئێستاش لە هەوڵدایە ئاکامەکانی ئەو زڵبەیەی کە (ئاپەرینی ئۆکتۆبەر) گەیاندیە ستراکچەری سیاسی و فیکری ئیسلامی سیاسی و تایفگەرێتی و ئەو زڵبانەش کە ئاپەرینە جەماوەرییەکانی کوردستان گەیاندیانە ناسیۆنالیزمی کورد و دەسەڵاتەکەی ئێحتوا بکەن و ئینتیگرەی بکەن بە ڕژێمی بورژوا ناسیونالسیت و ئیسلامیستی ئەمڕۆی عێراق و کوردستانەوە.

بەبۆای من؛ ئەوە ئێرکێکی دەستبەجێی کرێکارانی پێشڕەو و کۆمۆنیستە، کە سیاسەتی بەرەوپێشبردنی ئەم سەرهەڵدانە ئەدەبی وهونەرییە بگرنەبەر و پیادەی بکەن و بەهێز و تواناوە لەبەرامبەر هەوڵەکانی ئینتیگرەکردنیان بکلتوور و ئایدیۆلۆژیای زاڵی بورژوازییەوە ڕابوەستن. هەر بەو پێیەش ئێرکی دەستبەجێ کۆمۆنیستی لەم ڕاستایەدا ئەوەیە کە ئەم جووڵە هونەرییە بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی و ئازاد و کراوەی ئینسانییەوە ئینتیگرە بکاتەوە بەبزووتنەوەی بەکردەوەی چینایەتی سۆشیالیستانەی کرێکاران و سەرجەم نەداران و ستەملێکراون. ئەم خەباتەی بواری ئەدەبی و هونەری بەشێکی تەواواکاری خەباتی ئایدیۆلۆژی پرۆلیتاریایە کە ئەمەی دوایش بەشێکی جیانەکراوەی خەباتی چینایەتی کرێکارانە.

وتەی کۆتایی

(حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) هەوڵ و تەقەلایەکی سەرەتایی گرنگ بوو لەو هەلومەرجەدا و بە هەموو بەربەستەکانی بەردەمی، لە ڕاستای وەڕەخستنی ڕەوت و ئاڕاستەی ئەدەب و هونەرێکی پیشکەوتنخوازانە و سۆشیالیستی و شۆرشگێڕانە لە ئاستێکی کەمدا یەتیدا. بایەخی ئەم حەلقەیە و گەڤاری (ڕابەر) لەڕەوە مەزنەی ئەکرێت و هەر لەڕەشەوە کە زۆرەی ڕەژنامەی ڕەوت لەم بوارەدا و لە پەیوەند بە "بانیژەی ئەدەب و کلتوور"ەوە، پێگیرانە لەهەوڵی بەرەوپێشبردنیدا بێت. "بانیژەی ئەدەب و کلتوور" ئەتوانە پلاتفورمێکی ئەدەب و هونەری

سۆشیالیستی و ئینسانیی بێت کە هاوکاری و ئازادی ئینسانەکان لە خۆدا بەرجەستە بکاتەوە.
هیوادرام "بانیژی ئەدەب و کلتوور"ی ڕۆژنامەی "ڕێوت" بتوانی پێشڕەوی گەورە ئەنجام بدات و ئاسۆیەکی فراوان بکاتەوە لەبەردەم بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری سۆشیالیستی و ئازادیخوازانە و ئینسانی بێتوانادا.
٢٤ ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢

تێبینییەکان:
(١)حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، حەلقەیەکی ئەدەبی کۆمۆنیستی بوو لەهەناوی بزووتنەوەی چەپی نوێی کوردستانی عێراق لە ساڵی (١٩٨٧) بە دەستپێشخەری هاوڕێیان (نەوزاد ئەحمەد ئاسۆد – هەشەنگ) و (جەمال کەشش) و (عەبدوڵا سەڵمان – مەشخەڵ) لە شاری (هەولێر) هاتە دامەزراندن. ئامانج لەم حەلقەیە بڕوودان بوو بە ئەدەبی کرێکاری و کۆمۆنیستی. ئەم حەلقەیە تا ئێوە ڕۆژی لە چالاکی وەستاو، یانزە (١١) ژمارە لە گۆڤاری (ئاوێر)ی بڵاو کردۆتەوە. ساڵی (١٩٨٨) ئەم حەلقەیە پەیوەست بوو بە ڕێکخراوی (ڕێوتی کۆمۆنیست)ەوە.
(٢) بە هەی نزیکیم لە (بژار)ی شاعیر کە برامە تازەک زانیاریم پەیداکردبوو لەسەر تەوانینی مارکسییەکان لەسەر ئەدەب و هونەر کە زیاتر لەو کتێبانەی کە ئاماژەم پێدان وەرمگرتبوون و لە موناقەشەکانی نێوان من و (بژار) لەسەر ئەدەب عەکس ئەبووەوە. (بژار)ی شاعیر، کە ئەو کات ناوی شاعیرییەکەی "جەلال شکێ" بوو، هەڵکی بە ڕەخسا کە تەڵەفزیۆنی کەرکووک چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ئەنجامبدات لەسەر ئەدەب و شیعر، گەر هەڵە نەبم ساڵە (١٩٨٤) بوو. ئەبەتە هاوڕێیەکی شاعیری نزیکی خۆی بەناز (جەمال غەمبار) کە ئەو کات بەرنامە ئەدەبییەکەی تەڵەفزیۆنی پێشکەش ئەکرد؛ چاوپێکەتنەکەی لەگەڵ (بژار)دا ئەنجامدا. پێش ئەوەی (بژار) بچێت بۆچاوپێکەتنەکە؛ موناقەشەیەکی تەروتەسەلمان کرد و لەسەر ئەوە باینەوە کە بەهەی ئەوەی لە چاوپێکەوتنەکەدا ناتوانێ بێی ئەدەب ئەبە لایەنگریی سیاسی حزبیی شەرشگێرانەی هەبێت، کە ئەو کات هەردووکمان بەوامان وابوو، چونکە ڕەنگە تووشی گرتن بێت لە لایەن رژیمی (بەعس)ەوە، باشترە جەخت لەسەر ئەوە بکات "کە هەر ڕێوت و ئاڕاستەیەکی ئەدەبی و جواناسی فەلسەفەیەکی لە پشت ئاوەستاوە" و (بژار) لە چاوپێکەتنەکەیدا ئەمەی وتەوە و کردییە تێزی ئەسڵی چاوپێکەوتنەکە و بۆجوانی و سەرکەتووانە دەریبڕی و بەرنامەکەی بەاوکرایەوە و دەنگدانەوەیەکی تاڕادەیەک باشی هەبوو. دیارە ئەو کات هەردووکمان هاوڕاش بووین لەسەر ئەو بیرکەیە کە فەلسەفەیەک لەپشت هەر

ئاستێکی جوانناسییەوە هەیە. ئەم بیرۆکەیەم بۆ لێرەدا هێناوەتەوە تا نیشانی بدەم کە تێوانینی ئەو کاتی من چۆن بووە لە سەر ئەدەب و هونەر و چۆن ئەم تێوانینەم هەر مابوو کاتێک کە گۆڤاری "ئاڵا" لە ساڵی (١٩٨٧)دا دەرچوو.
(٣) بە زانیاری خوێنەر: نووسینە سیاسییەکانی ڕێکخراوی (ڕێوتی کۆمۆنیست) زیاتر هاوڕیان (موئەیەد ئەحمەد) و (نادر عەبدولحەمید) و (عوسمانی حاجی مارف) ئامادەیان ئەکرد، و دواتر (مەیسون عەبدولجەبار) و (سوریا تاهیر) و (شیرین عەبدوڵا) بە تایپ ئەیانوسینەوە و ئەنێردرا بۆ چاپخانەی نهێنی ئەم ڕێکخراوە کە لە لایەن هاوڕێ (عەبدوڵا ساڵح) و هاوژینەکەی هاوڕێ (سەمیرە عەبدوڵا) و هاوکاری تەکنیکییان هاوڕێ (وریا عەبدوڵا) بڵاوی ئەچوو. یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "پڕۆلیتاری" بەچاپ گەیشتوا لە ڕۆژی یەکی ئایاری (١٩٩٠)دا چاپکرا، و پێشتریش لە مانگی شوباتی (١٩٨٩)وە هەموو نووسراوەکان و تەرجەمەکانی ئەم ڕێکخراوە و بەیاننامەکانی بە کوردی و بە عەرەبی چاپ ئەکران. سێ نامیلکەی سیاسیمان دەرکرد بەچاپ کە (موئەیەد ئەحمەد) نوسیوونی پاش پاکنووس و پیاچوونەوەیان لە لایەن هەردوو هاوڕێیان (عوسمانی حاجی مارف) و (نادر عەبدولحەمید)؛ "جیاوازییەکانمان لە کۆمۆنیزمدا چۆن ئەگەرێنەوە" (سەرەتای شوباتی ١٩٨٩)، "بۆشی یەکەمی بەرنامەی موشەخەس یا بەرنامەی ئینتەرناسیونال" (سەرەتای ئایاری ١٩٨٩) و "بۆشی دووهەمی بەرنامەی موشەخەس یا بەرنامەی ئینتەرناسیونال" (کۆتایی ئاب ١٩٨٩).

"بیرمەندی" ناشۆشگۆ... عوسمان حاجی مارف

گەورەترین و جوانترین پەیکەر بە مارکس و ئەنگڵس لە ناوەڕاستی شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیادا دانراوە. دانانی ئەو پەیکەرە بۆ مەبەستێ نمایش نەکراوە، کە مارکس و ئەنگلس وەک نمونەی دوو شۆشگۆ و ئابووری خەباتی پرۆلیتاریا بۆ شۆشی سۆشیالستی بناسرێن، بەڵکو بگەشتی بورجوازی لە هەوڵی ئەوەدایە وێنایەک لەسەر مارکس و ئەنگلس بدات بەدەستەوە و بیاناسێنێت، کە دوو بیرمەندی بە توانا

و بە بایەخی ئەمانین لە بواری فەلسەفە و ئابوریدا. هەبەتە گومان لە بیرمەندی ئاو دوو خەباتگێڕ و شۆشگێڕ نییە، بەڵام ئاوەی مارکس و ئەنگلس نیانتوانی لە ئەمانیا بردەوامی بە ژیانیان بدەن، هەکارەکەی ئاوە نەبوو کە بیرمەندن، بەکو هەکاری دوورخستنەوەیان لەسەر خەبات و کاری سیاسی و شۆشگێڕانەیان بوو لە بەرانبەر سیستەمی سەرمایەداریدا.
با لاوە گرنگین بۆرجوازی چەن پەناسەی مارکس دەکات، سەیر لاوەدایە کەسانێک لە کۆمەنیست و چەپ و خە بە مارکسیزانیش لە ژێر کاریگەری هەمان ئاو وەنایەدان، کە بۆرجوازی مارکسی پە پەناسە دەکات. گەر بەشکیان ئاستەوخۆ وەها نەڵێن، بەڵام لە جەری مامەڵە و بیرکردنەوەیان لە هەڵسوانی سیاسیدا نیشانی دەدەن، کە پەیان وایە مارکس ماویەکی درێژ چەتە خاوەتەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوە و دراسەی کردووە و دواتر بەتە بیرمەندێکی سەرکەوتووی وەها، کە وەک ئابۆرێکی خەباتی سۆشیالیستی دەرکەوت. ئەم وەنایە بەو مانایە دەتوانین بیناسین، کە پەیوەندی نەوان پراکتیک و فکر نابینێت و لێکیان جیا دەکاتەوە، یان دەیەوێت پەسەی تەکامولی فکری تەواو بکات و دواتر بەواتە ناو ناسنامەی سیاسی خەی و گروپەکەیەوە. بەیەکلایەنە ئاولەویەت بەیان لێکدانەوە و شیکردنەوە و دراسەیە، بە جۆرێک فکر پەش پراکتیک دەخەن. هەر بە ئاو مەبەستەش دەچنە ناو دنیای ئەفکار و بە وەنەی بیرمەندێک خەیان نیشان دەدەن، نەک خەیان ئەشنگرین و ئۆرکی کەسانی تر پراکتیکەکەیان بە ئەنجام بدەن.
ئەمسا لە هەفتەی مەنسور حکمەت لە لەندەن باسەکم پەشکەشکرد و تەیدا مەبەستم بوو ئاوە ئاوونبکەمەوە، کە چەن بۆرجوازی مارکس وەک ئابوریناسێک دەناسەنەت، بە هەمان شێوە هاوەیانێک دوای سی سا زیاتری خەباتیان لە ئیزکانی کۆمەنیزمی کرێکاریدا، بەو دەستواژەیە چوونەدەرەوەی خەیان لە حزب ئاگرین، کە مەنسور حکمەت "مارکسیەکی هاوچەرخ"، لە لایەک سنوربەندی فکری سیاسی ناشنی خەیان لە بەرانبەر چەند بابەتێکی کۆمەنیزمی کرێکاریدا ئادگرینەن، لە لایەکی تریشەوە خەیان لە گشتیەتی باسە فکریەکانی مەنسور حکمەت نادەن. هەربەیە ناچاربوون وەک "مارکسیەکی هاوچەرخ" بیناسەنن. واتە تەنها ناساندنی حیکمەتە وەک مارکسیزانێک، نەک مارکسیەکی پراکتیکی و شۆشگێڕ.
پەداگری من لەسەر ئەنجامی سیاسی مەنسور حیکمەت لەو شونەوەیە، کە وەک ئینسانێک لە دەورانی خەیدا چەندە کاریگەری جددی لەسەر باس و مەسەلە فکریەکان دانا، ئەو و کاریگەری و ئەزمونی کاری سیاسی و پراکتیکی کۆمەنیستی ئاو چەند قات زیاتر بوون لە باسە فکری و

سیاسیەکانی. مەنسور حیکمەت مارکسیەکی پراکتیکی و شۆڕشگێڕ، نەک "مارکسیەکی هاوچەرخ". بەکارهێنانی هاوچەرخ مانای سوانەوەی ئەو هاوکێ کەمەنستانیە لە بازنەیەکدا، کە ناتوانن ئامراز و ئایندە و پێداویستیەکانی شۆڕشی کرێکاری بەرجەستەکەنەوە لە ژیانی سیاسی خۆشیاندا. مەنسور حیکمەت هەمان وێنا لەسەر لینین دەدات، کە مارکسیەکی پراکتیکی و شۆڕشگێڕ، نووسراوەکانی لینین ئەو مانا و پێگەیەی هەیە، کە پراکتیکی سیاسی دەباتە پێشەوە. لە بەرانبەر لینیندا هەتا بەرجوازیەکانیش سەرسامن بە دەوری ئابووری و پراکتیکی شۆڕشگێڕانەی.
هەر لە دوای دامەزراندنی حزبی کەمەنیستی کرێکاریی عێراقەوە لە سەرەتای نەوەتەکانەوە کەسانێک لەسەر بنەمای ئەوەی باوکیان بە ئابووری ئۆکاتەی حزب نەبوو، دوای کێشمەکێشێک لە ڕێزەکانی حزب چوونە دەرەوە و ڕێگایەکی تریان گرتە بەر و بە یەکەم جار دەستەواژەی "مارکسیزمی هاوچەرخ"یان لە بەرانبەر مەنسور حکمەتدا بەکارهێنا. دواتر ڕێگایەکی جیاواز لە کەمەنیزمی کرێکاریان گرتە بەر و تا ئێستاش ڕێگای خۆیان نەدزیوەتەوە و باسکیشیان لەسەر "مارکسی هاوچەرخ" نەما. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە کەسانێک، کە لە نەوەتەکانەوە وەک هێسوا و ئابووری کەمەنیزمی کرێکاری خۆیان دەناساند، خۆیان بە پابەندبوون بە دەوری ئابووری مەنسور حیکمەت تەداعی دەکردەوە، کەچی دوای سی ساڵ زیاتر لە خەباتی سیاسییان لە کوتوپڕێکدا و بە پێشینەی خستنەڕووی بابەتێکی فکری سیاسی، نەک لە ڕیزەکانی کەمەنیزمی کرێکاری چوونە دەرەوە، بەڵکو خۆریکن دەگەڕێنەوە بۆ بیروبۆچونێک، کە پێش ساڵانی نەوەتەکان خۆیان ڕەخنەکانیان لەو بیروبۆچونانە قەبوو کردووە. واتە خۆیان تەواو بەبێ دەکەن لە ئەزمون و پراکتیکێک، کە زیاتر لە سێ دەیە لە بزووتنەوەی کەمەنیزمی کرێکاریدا هەیانووە. هەبەتە ئەم ئاوگۆڕە لە بڕووی کاری سیاسیدا تاوان نییە و مافی هەرکەسێکە ژیانی سیاسی خۆی هەڵبژێرێت و دیاری بکات، بەڵام پێموایە دوای سی ساڵ پێشیمان بوونەوە لە خەتێکی فکری سیاسی، کە تێجروبەیان کردووە و ناساندنی مەنسور حیکمەت وەک "مارکسیەکی هاوچەرخ"، ئیتر ناتوانن جێگای متمانەی ئەوە بن، کە وەک ئابووڕێك چاویان لە بکرێت.
لە ئاستیدا کاتێک مرۆڤ نزیک بە هەموو تەمەنی خۆی بە هەڵە دوای ڕێباز و بزووتنەوە و نەریت و خەتێکی فکری سیاسی کەوتبێت، ئیتر تازە چەند تەمەن و کات و فرسەتی بە دەمەنتەوە، تا خەت و ڕێباز و نەریتێکی تازە بگرێتەبەر و بەرەوپێشەوەی ببات؟! لەوەش گرنگتر ئایا مرۆڤ، کە لە بەشی هەرە گەورەی تەمەنی بەسودی خۆیدا ئەزمون و ڕێگایەکی هەڵبژاردبێت و بە هەڵەدەردا چوبێت، ئاخۆ چی

زمانەتی ئەو دۆکات دوای چەند سال دیسان لە خەت و ڕەبازە تازەکەشی پێشیمان نەبیتەوە و دیسان نەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سفر؟!

بۆجیا لەوەی هەر سەرنجێک لەسەر وێنای "مارکسیزمی هاوچەرخ" لەسەر مەنسور حکەمەت دەدرێت، گەر هاوڕێ سامان کەریم کەمێ بە دیقەتەوە سەرنجی بدایە، باش دەیبینی، کە من خۆی و دوو هاوڕێکەیم نەخستەتە بەرپرسیارێتی ئەو کەسانەی پێناسەی مەنسور حکمەت بۆ "مارکسیستی هاوچەرخ" دۆکۆن و ئەو بۆ هەڵە ئەو هەستیارەی منی بەرانبەر بە خۆی لێکداوەتە، بەڵکو دەڵێم سەیرکە لەوەدایە کەسانێکیش هەن پێناسەی خەیان دۆکۆن بۆ "مارکسیزمی هاوچەرخ". ئەمەش بۆ ڕاستی پێویستە جێگای سەرنجێکی قوڵتر بێت لەسەر ئەو هاوڕێیانە، چونکە جگە لەوەی پێشوەخت نیشانی بدەن مەشغەڵەیان چیە، ئاشکرایە بە خەیاڵاتێک، کە بەخەیان داناوە "هاوچەرخن". مانای ئەوەیە جگە لەوەی خەیان وێک ئەهلی فکر دەناسێنن، ناکرێ مانایەکی تریان لەوەربگرین، چونکە پێشوەخت بەیاریانداوە "مارکسیزمی هاوچەرخن"، نەک مارکسیەکی پراکتیکی. لە باری غروری فکریەوە بە هیچ دەور و بەرهەمێک خەیان لە پێش هەموو کەمەنیست و گروپێکەوە دەبینین. بەیە پێویستی نەدەکرد هاوڕێ سامان ئەوەندە لەسەر فکر و پراکتیک بنوسێت و بڕواست و چەپدا بکەوێتە ڕەخنە لەسەرئەزمونی حزبی کەمەنیزمی کرێکاری، چونکە هەر بە ناوی (ئاڵاستەکەیدا) دیارە فکر و پراکتیک جیا دۆکاتەوە و لە قوناغی فکریەوە ئاڵاستەکەی دەباتە سەر پراکتیک. بەیە ئەولەویەتی کارەکانی، کە بە خۆی داناوە گوایە خەریکی "نوسین و کتێب دەرکردن و لێکدانەوە و شیکردنەوە و تەفسیرکردن" دەبێت. واتە ڕەشنگیری کردووە بە ئەرکی خۆی، کە لەو بارەیشەوە تا ئێستا جگە لە ناڕەشنی هیچی تری نداوە بەدەستەوە. بەیە دوای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی، کە نادیارە کەی بەم ئەرکە هەڵدەستێت و کەی تەکاملی دۆکات، پاشان دەیەوێت "پڕۆلیتاریا ڕەشنکاتەوە بە خەباتی سۆشیالیستی". واتە هاوڕێ سامان بیردۆکاتەوە و دەنوسێت و کەسانی تریش پراکتیکەکەی بە ئەنجام دەدەن. ئەمەش نمونەی "بیرمەندێکی ناشڕەشگەڕ". ئەم جارە لە بیرکردنەوە لە دنیای خەباتی سیاسی نمونەیان هەیە، کە جگە لە کاریکاتێرسازی هیچی تری لە بەرهەم نایەت. هەروەها وەک "بیرمەندی" بۆکار و ناشڕەشگەڕ ناتوانێت لە ڕیزی هیچ جارە خەباتێکی سیاسی کرێکاران و جماوەریدا جێگایەک پەیدا بکات، تەنها بە زۆربین بە دوای کەموکوڕی هەڵسوڕانی سیاسی ناکرێکاریدا دەگەڕێت و خۆی لە دەپارێزێت. ئەو حزبەش لە نەخشە و بیرکردنەوەی تایبەتی هاوڕێ ساماندایە، دەمەکە کەسانی تر سپاردویانەتە دەست قەدەری هوشیارکردنەوەیەک بەو شێوەیەی خەیان دیانەوێت پڕۆلیتاریا تێبگەینن.

نوسراوەکەی هاوڕی سامان گوایە بە وەتاماندانەوەی ئەو هەستیارییەی منە، کە لە هەفتەی حیکمەتدا کردوومە، بەڵام لە ئاستیدا ئەوەی کردووە بە بەهانە و فرسەتێک بۆ دڕبڕینی چەندین مەسەلە کە پەیوەندییان بە باسەکەی منەوە نییە. بە خۆشی بە هەڵە چەتە ناو باسەکەوە، بەڵام بەداخەوە کەوتۆتە ناو فەزایەکەوە زۆرتر نیشاندانی نەفرەتە بڕانبەر حزب، کە هاوڕێ سامان تەمەنێک لە سەنگەریدا کاری کردووە و ئێستا پێداچوونەوە بە هەڵبژاردەکەی دەکات! پێداچوونەوە خۆی لە خۆیدا هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام نەفرەت بۆچی؟! هەموو ئەو نمونانەی باسی کردوون بەڵاستی جێگای باس و سەرنجن، بەڵام ئەوەی زۆرترسەرنجڕاکێش و نابەجێیە، دەڵێت "من ئاگام لەوە نەبووە، کە بەیار دراوە واحدی حککا بچیتەوە بۆ ئێران". ئاشکرایە لە پشتی ئەم هێستیە کەبەند و لەکدانەوەیکی تر لە هەرشی ١٤/٧ی یەکێتی بە سەر حککع لە بیرکردنەوەی تازەی هاوڕێ ساماندا خۆی مەڵاسداوە. پێش هەرشتێک پێدەچێت هاوڕێ سامان دوای ٢٢ ساڵ گێشتبێت بە باوەڕهێنان بە پاساوەکەی تاڵەبانی، کە گوایە بە هادەی سەرکی بە هەی ئەو جەولەیەوە پەلاماری حزبی ئیمەیان داوە! بەداخەوە ئەمە دەچێتە خانەی پاساودانی هەرشەکەی یەکێتی و پێردەپێش کردنی ماهیەتی دژی کۆمنیستی و دژی ئازادی و سەرکوتگەری یەکێتیەوە. تێنانێت دەعوانامەکەی نزار عەلی ئەکبەریش نادیدە دەگرێت، کە دەڵێت ئەم حزبە دەبە قاچاغ بکرێت لەسەر ئەوەی یاسای یەکسانی ژن و پیاوی هاگیاندوە، کار بە جیابوونەوەی کوردستان دەکات و ئاوارەی عەرەبی پێناداوە... بەداخەوە ئەم پێداچوونەوەیەی هاوڕێ سامان لە لەکدانەوەی خودی ئاسایش لە دواترە. ئایا سەرەتای بەهانگیری یەکێتی، واتە هاندنی هاوڕێیان عمار و یوسف و فهد و داتاشینی تەمەتی قەتل بۆیان لە چەند مانگ پێش هەرشی ١٤/٧، هەر بەبەنەی گەڵانەوەی هەڵز بوو بە ئێران؟! هیرشی ١٤/٧ ڕووداوێکی لە ناکاو نەبوو کە دوای چوونەوەی هەڵز بە ئێران ئەنجام درابێت، بەڵکو چەندین جار بەبە ناردنەوەی هەزیش بە ئێران، یەکێتی هەمیشە لە کەمیندا بوو بە پەلاماردانی حزب، هەکارەکێشی لە بنەڕەتدا دژی کۆمنیست بوون و دژی ئازادی بوونی یەکێتی بوو، بەڵام هەر جارە و پاساوێکی دادەتاشی. لە دوای هەبژاردنی شارەوانیەکانەوە دۆرێکی تر لە کێشمەکێش و شەڕفرۆشتن بە حزبی ئەمە لە لایەن یەکێتیەوە دەستی پێکرد. سەرەتا هەڕەشە و بۆیان دەرکردنی ئاسایش، پاشان هاندنی هاوڕیانی عەرەبزمان و دواتریش هەرشی ١٤/٧. سەیرە بە حزوری هاوڕێ سامان چەندین جار باس و لەکدانەوەمان لەم بارەیەوە کردووە، کە یەکێتی بەهەر پاساوێک بوایە، بۆیار و پلانی هەبوو زەبەیەک لە حزبمان بدات. نەوشیروان هاشکاوانە دانی بەمدا

نا، لەو دانیشتنە لەگەل نەوشیروان، ئەمە هەموو بیانوکانمان بۆ و سازشمان کرد لە پێناو ئاوەی بەر بە هەرشەکیان بگرین. بەڵام هەک ئەو کاتەی ئەمە بیانوکانی ئەوانمان بۆ، بۆیاری دا لەمان بدرێت.

بۆچی هەردوای ئەو هەوداوە بە دوو مانگ کۆجلسەی هابەری هەردوو حزب بە ئامادەیی هاوڕێ سامان و خودی منصور حیکمەت هەک بە هەڵسەنگاندنی ئەو هەوداوە و چی کردن بەرپا کرا، گەر هاوڕێ سامان ئەو کارە بە هەڵەیەکی کوشندە دەزانێت، بە حەرفەکی نەگوت، کە بۆنی ئەم قسانەی لێ بێت. کەچی ئێستا چەوتە دەرەوە و لەو دوورەوە ئەیەوی نیشانە بگرێ و مەسئولیەتی ئەو هەرشەی یەکێتی بخاتە سەر حزب و هاوڕێیانی تری، بەو پاساوەی چونکە ئەو ئاگای لێ نەبووە. ئایا هاوڕێ سامان ئاگای لەوە نەبوو کە حککا بەرنامەیەکی هەبوو بۆ ناوی (هابەرانی کەمۆنیست لەناو خەڵکدا) و چەندین جار هەڕەشەی نارد‌ەوە بۆ ئیران؟ ئەمە بۆ جددی زۆر ئەپەرتەنیستی و جێگای داخ و ئەسەفە! ئایا نەبونی ئەو لە مەکتەبی سیاسی پاساوە بۆ ئەم مەسەلەیە؟! ئایا ٢٢ ساڵ کات پێویست بوو تا هاوڕێ سامان بەم هەڵەسەنگاندنە قوڵە بگات؟

ئەگەر ئەو کاتە هاوڕێ سامان مەکتەب سیاسی نەبووە، خۆ لە بیست ساڵی دوای ئەو هەوداوە نەک مەکتەب سیاسی، بەڵکو سەرکەی م.س. و سکرتێری کەمیتەی ناوەندیش بووە، چەندین کۆنگرە و پلینەم و کەبوونەوەی مەکتەب سیاسی و کادران و ...هتد. ئەنجام دراوە و بە نووسین بەچوون و لەکدانەوە ئاوگڕ کراوە. بەڵاستی سەمەرەیە، لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا هیچ کاتێک ئەم تەوانینەی نەدرکاندووە و تەنانەت ناڕاستەوخۆش ئاماژەیەکی لەم جۆرەی نەبووە.

هاوڕێ سامان لە سەرەتای نوسینەکەیدا وا نیشاندەدات کە ئامادەی جەدەل و هەڵخەڵگرتنە، بەڵام شێوازێک کە ئەو پەیەوەی لەکردووە نە جەدەلە و نە هەڵخەڵگرتن. جەدەل و هەڵخەڵگرتن خۆی لەخۆیدا ئەرکەکی زۆروری کەمۆنیستەکان و خەباتی چینایەتیە، بەڵام بەو مەرجەی کەسەکان خۆیان لە دڵی ئەو کەشمەکەشانەدا قەراریان گرتبێ و هەوڵ یەکگرتن و گۆشەی خەباتی کەمۆنیستەکان و هەڵگرتنی بەرەستەکانی پشەوی خەباتی چینایەتیان بێت. بەڵام ئەوەی سامان کەریم ئیستقبالی لەکردوە، شیوازێکە بە ئەستەپاکی حسابات شەخسی خۆی لە ئابردوو. ئەمەشی بە غرورکەوە کردووە، کە بەڵکو وەک "بیرمەندیك" چاوی لە بکرێت. نمونەی ئەم جەدەل و هەڵخەڵگرتنەی لە چەند ساڵی ئابردووەدا لەسەر مەسەلەکانی وەک ئیفراندەم، جەنگی موسڵ و کەناە، ئەوەی سەلماندوە، کە ئەو بە دوای "ئای شەخسی" خۆیەوەیەتی، لەک ئەکەدا بە دڵیان لاپەڕە وەڵام بە بۆچونەکانیدا هەڵشکراوەتەوە، کەچی

تازەبوونەوەی هێزی خەباتی چەپ و دیموکراتیک لە ئێستادا پێویستی بە تەحریفکردنی باسکەنەوەی ئەو دووبارە دەکاتەوە. بەیەکەوە هەر جۆرە لێکدانەوەیەک لەگەڵ هاوکێشەی سەرمایەداری کوتانی ئاوەڵ لە دەستکەواندا.
بە دڵنیاییەوە ئەمە پێشوازی لە هەڵسەنگاندنی ڕووتینی خەباتی ئابووری حزب و جوڵانەوەکەمان دەکەین و لەوێش ناترسین هەڵە و کەموکورتیەکانمان چی بوون، چونکە ئەمە بە ئەمە پەداویستیەکی بردنەپێشەوەی خەباتی چینایەتی و کۆمەڵایەتییە. تەنانەت خۆشمان بە بەرپرسیار لە هەموو لایەنە باش و خراپەکانمان دەزانین و بە کردەوەش بەردەوام حزب و بزووتنەوەکەمان لە بەردەم ڕەخنەدا دەناوێ. بەڵام ئەوەی سەمان کەریم دەستی بە بردوە، خەدزینەوەیە لە بەرپرسیارێتی مەژوویەکی ٢٧ ساڵە و گوایە بە پێشیمان بوونەوەی لە ناکاو و بە پێشیندا لە کەمەنیزمی کرێکاری و خەهڵخستنی وەک "بیرمەندێک" دەتوانێت لەم بەرپرسیارێتیە ڕزگاری ببێت. ئەمەش هەقیقەتی سەرکی ئەو جەنگەیە، کە لە نەوان"تیار و پراکتیدا" بەدی خستوە. کەبەندکیش کە لە پەداچونەوەیدا بەرانبەر بە مەژووی کار و خەباتی گرتوێتیبەر، ئەو ئەنجامەمان پەدەستێت، کە تەنها ڕووکەشی ڕووداو دەبینێت و لە هەمان ڕووکەشیا تەفسیری دەکات. بەم جۆرەش نەک نەا"شەشگەڕی"، بگرە "بیرمەندیە"کەشی لە خەی حەرامکردووە.
کۆتایی تەموزی ٢٠٢٢

[مەکە لە مەککە مینەی نانجیب کە هەشت هەر لای مەمکە]... پەشەوا کاکەیی

لە هاموشۆدام،
ڕەفتارم جیاوازە لەوەی دەگوزەرە لەناو ئەم ئایین و مایینە، مایینە،
خەڵکی سواری خەی دەکا و جووتەی پە داوە؛
کە ورد بووینەوە
هەریەکە لە جەی خەیەوە دەڕە

ئاخ لە داخی کللە و دەی سوارچاکان کە پەی ئاینوئەینە!
هەریەکە باسی ماریفەتی خەی دەکا،
بە ئەوەی زمانی
جووتەک بەنەو بیریدا بکا و بیکەە.
کارم بە ەوانینیان نەداوە
من ەەچووەمەتە ناو خەمەوە،
ئیمانم بەهەزە و ناچمە ناو تەشقەەی ئەم دین و مینە، ئاخ مینە!
مینەگیان، وای کە دوورم لە مینا!
(مینا ناز، ناز نازدارە مینا★)

مینەگیان!
کە چوویت و هاتیەوە لە مەککە،
مەکە و مەمکە بە کافر و ئەینباز
خەت دەستت داوە لەو بەردە
تا من دەست نەدەم لەو جووتە مەمکە!
(مینا ناز، ناز نازدارە مینا)
ئیمانم بەهەزە و
حەللاج فەری کردووم چەن بسووەەمەوە بە دەوری دەما!

دەی تەیش مینە! با هەر بسووەەیتەوە،
کە هەش و دەت لە شونەکی دی بەت،
بەچی خەت دەخەیتە ژەر پەیەوە؟
بە ملی شکاوت!
من لە جەی تە تەریق دەبووەمەوە و
دادەپەیخام!

کە تە خەیاەت هەر لای هەنار بەت،
بە شەراب بیت!
من لە جەی تە خەمم دەخواردەوە و
دەتەیشام!

کە لەوی وشکهەەاتووت دەکرەشت،
بە سندانت!
تە هەردوو بەووەترەی یارت
دەخستەە زارتەوە و منیش بە دیارتەوە
دەتەیسام!
هەی مینەی نانەجیب! نا
(مینا ناز، ناز، نازدارە مینا)

کە تۆ نەبیت مینا
بەبێمام، نەمام ئاخ نامگیان! نە مام مینێ،
هەمە بەستە درێ و بیکەیتە پینێ!
لە دەما دانێژم نەمام تا ببمە بنەما، گیان مینا!

□
↩ نیسانی ۲۰۲۲
⋆ نیوەبیتکی فۆلکۆری کوردیە لە گۆرانیەکی (محەمەدی ماملێ)ـوە وەرگیراوە.

دوو ڕاپۆرتی گرنگ لەسەر کارداناوەی کیمکردنەوەی هێناردەی غازی ڕوسیا... زاهیر باهیر

دوای کەمکردنەوەی غازی ڕووسی بۆ ئۆڕوپا لە سەدا 80 لە ئێگەی بڕی نەرد ستریم یەک-ەوە و بڕیاری کەمیسیۆنی یەکێتی ئۆروپی لە سەر خۆزنکردن و دەستگرتنەوە بە غازەوە بە ئۆڕۆی لە سەدا 15 لە ئێستادا کاردانەوەکەی زۆر و پێشبینی زۆر واقیعیانە دەکرێت کە من دەمکە کردووەمن.

بە ئەمش دوو ڕاپۆرت یا دوو وتاری گرنگی ئۆژنامەی گاردیانی بریتانی ئەو ڕاستیانە دەردەخات. منیش بە پێویستم زانی کە بیخەمە بەردەم بینەرانی ئەم پێست و نوسینێ.

ڕاپۆرتی یەکەم:

ڕاپۆرتی یەکەم یاخود وتاری یەکەم سەبارەت بە ئەمانیایە کە هەر لە ئێستاوە لە 3 شاری گەورەیدا خەریکن بڕیارەکەی کەمیسیۆنی یەکێتی ئۆروپا جێ بەجێدەکرێت.

بە گوترەی ئەو ڕاپۆرتە هانۆڤەر یەکەم شاری گەورەیە کە ئۆوشوێنی

پاشکەوتکردنی وزە دەستپێدەکات و بەرلین ڕووناکی مانەمێنتەکان دەکوژێنێتەوە. هانۆڤەر لە باکووری ئەڵمانیا ئەژمار چوارشەممە بوو یەکەم شاری گەورە کە ڕووشوێنی پاشکەوتکردنی وزە ئابگەیەنێت، لەوانە کوژاندنەوەی غازی ئاو گەرمکردن و دوشکردن و حەمامەکانی باڵەخانە و ناوەندەکانی کات بەسەربردن کە لایەن شارەوانی شارەکانەوە بەڕێوەدەبرێن.

شارەکانی ئەڵمانیا خەریکی کوژاندنەوەی ڕووناکی شوێنەوارە گشتیەکان و گرتنەوەی نافورە و سپاندنی دوشەکی سارد بەسەر مۆلەوانگە و هۆڵە وەرزشیەکانی شارەوانییەکاندان. ئەمانە لە کاتێکدایە کە ئەڵمانیا پێشبڕکێ دەکات بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزەی خۆی لە بەرامبەر قەیرانی غازی ڕووسیا کە لە ئارادایە.

بیناکانی شارەوانییەکان لە پایتەختی ویلایەتی ساکسۆنی خواروو تەنها لە 1ی تشرینی یەکەمەوە تاکو 31ی ئازار گەرم دەکرێن، کە پلەی گەرمی ژوورەکە لە 68F) 20C) زیاتر نابێت، هەروەها بەکارهێنانی یەکەکانی تەندروستی گۆڕك [مۆبایل] و گەرمکەرەوەی پانکە قەدەغە دەکرێن. بەیارە ئەم بڕیارە کەمکردنەوەی وزە و دەستگرتنەوە بە غازەوە دایەنگە و باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خانەی چاودێری و نەخۆشخانەکان نەگرێتەوە.

بەڵێت ئەنای سەرکی شارەوانی شارەکە لە پارتی سۆز وتی: **"دەخڵەکە پێشبینی نەکراوە". "هەموو کاتژمێرێکی کیلۆوات ئەژمار دەکرێت، و پاراستنی ژێرخانی گرنگ دابەت لە پێشینە بێت."**

شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا، شەوی چوارشەممە نزیکەی ٢٠٠ شوێنەواری مێژوویی و بینای شارەوانییەکان لە تاریکیدا داپۆشران، چونکە شارەکە بە مەبەستی پاشکەوتکردنی کارەبا سپۆتلایتەکانی کوژاندەوە. ئەو شوێنەوارانەی پێشتر لە شەودا ڕووناک دەکرانەوە بریتین لە ستووننی سەرکەوتن لە پارکەکەی تیرگارتن، کڵێسای یادەوەری لە بریتشایدپلاتز و مۆزەخانەی جولەکەکان، چی تر وەکو جاران نابن.

دوێنێ ئەژی 5شەممە حکومەتی ئەڵمانیا ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە نرخی غاز زۆر زیاتر دابەت لەوەی کە پێشبینی دەکرا. بە ئەمەش وەزیری ئابووری ئەبەرت هەبیسك وتی **" هێشتا ناتوانین بڕین لە مانگی نۆڤەمبەردا نرخی غاز چەند دابەت، بەڵام هێوادە تاکەکە ئەوەیە کە بە دڵنیاییەوە چەند سەد یۆرۆیك لەسەر هەر هەر ماڵێک زیاد**

دەبێت"

سەرۆکی بەکارهێنانی غاز بۆ کاروباری ئاسایی، ئەڵمانیا لە سەدا 15 غازەکەی بە وزەی کارەبا بەکاردەهێنیت کەواتە کەمی غاز ناڕێنگێ لەسەر ئەڵمانیا زیاتر بکەوێت تاکو هەندێك وەاتی دیکە. لە ساڵی پاردا 2021، 14 وەاتی ئەورووپی لە سەدا 50ی غازی پەیستیان لە ڕوسیا وەرگرتووە.

شاری میونیك / میونیخ لە باشووری ئەڵمانیا، ئەم هەفتەیە ڕایگەیاند کە ڕوناکی هەڵی شارەوانییەکەی لە گۆڕەپانی مارینپلاتز دەکوژێنێتەوە، کە بەزەری تا کاتژمێر ١١ی شەو ڕووناک دەکرێتەوە و تەنها ئاوی سارد لە ئۆفیسەکانی شارەوانییەکاندا هەیە هەروەها شەوانە نافورەکان دەگرنەوە.

شارەوانی شاری نورنبێرگ سێ لە چواری مەڵەوانگەی ناوەوەی خۆی دادخات کە لەلایەن شارەکەوە بەڕێوەدەبرێن و تا 25 ی ئەیلوول لیدەکانی دەرەوەی بە کراوەیی دەهێڵێتەوە.

ڕاپۆرتی دووهەم:

لە ڕاپۆرتی دووهەمدا زەر نهێنی گۆڕ و نیگەرانی قووڵ ئاشکرادەبێت و چی تر لە لایەن بەرپرسان و دەسەاتدارانەوە ناتوانرێت بشارێتەوە.

بەهەی ئەوەی کە چی تر خەکی لە ئەڵمانیا نایانەوێت ئابلوقەی ئابووری و سزای ئابووری ڕوسیا بدرێت [وەکو ئەوەی ڕوسیا بە سزاکان بوخێت] ئانالینا بایربۆك، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، ئاسەی ڕاپۆینی جەماوەری لە ئەڵمانیا لە پایزی ئەمساەدا لەسەر نرخی بەرزکردنەوەی غاز دەبینێت.

هەروەها ئۆکرانیا و هاوپەیمانەکانی چاویان لەسەر و سەرنجیان لەسەر توندکردنەوەی هەژموونی ئستای سزاکانە بەیە پشنیاری توندەوتر دەخەنە ڕوو و پەیان وایە ناڕێنگێ 20 وەات بشداربن لە تێپەاندنی سزاکانی کە ئستا بەسەر ڕووسیادا سەپنراون.

وەزیری دەرەوەی ئۆکرانیا دەڵێت **" لە ئۆکرانیا پوتین بە مووشەك و تانك شکەت دەکات، لە ئەورووپا بە نرخی غاز شکەت دەکات"**

لە لایەکی دیکەوە ئاندری یەرماك، ڕاوێژکاری سەرۆکی سەرۆکی ئۆکرانیا، ڤلادیمیر زەلەنسکی، **بە ڕوونی ئاگادارە لەوەی کە ناڕێنگ**

ای گشتی چۆن بگۆڕێت و دۆخەکە هێندە دەبێت ئۆگرۆر نەگۆ بدرێت شتێکی بەرەو زستان بکەشێت. ئەو پێیوایە دەبێت ئەمساڵ شتێکی یەکلایی بکرێتەوە.

هەر بە گوترەی ئاپارتەکە، بەریتانیا کە دەستکی نزیکی ئۆکرانیا و دنیای زیاتری دەدات بە شێوە و ماوەرانکردنی زیاتر ، تەنانەت پشتگیری سیاسیی ئەم چی تر وەکو پێشتر نابێت و لە لەرزیندا دەبیت ئۆگرۆر قائیمەی غاز لە مانگکدا سەرکەوێت بە 500 پاوەند، چونکە مەترسی ناڕازایی گەورە دەکرێت کە " فەوزای" یەکی گەورە دەبێت . ئەمە لە کاتێکدا لە ڕوسیا ئەم مەترسیانە یا نیین یاخود کەمە چونکە مەرج نیین پوتین گوێ لە ئای گشتی بگرێت؛ ئەو خەی دیکتاتەرە و خاوەنبەیارە.

ئێستا ئەورووپا بە جۆگرەوەی وزەی ڕوسیا هاوار بە سعودیە و جەزائیر و عەراق و قەتەر و کازاخستان و نایجیریا دەبات .

ئەمانیا کە لە ئێستادا مشتومە لەسەر هێزکانی ئابردووی سیاسەتی دەرەوەی دەکات و مەرکە تاوانبار دەکات بەوەی کە ئەمانیای بە پاشکێیی ڕووسیا هەژماوەتەوە، وەتەر ئیشینگەر، دیپلەماتکاری پێشووی ئەمانیا، جۆزی پێنجشەممە وتی" **لە سیاسەتی ئەمنی، لە سیاسەتی ڕووسیا، لە سیاسەتی وزەدا، ئەمە لە زەمینەی سفرداین و دەبێت لە سفرەوە دەست پێ بکەین.**"

هەر ئەو هەندێك سیاسی دیکە دەڵێن گەر ئەم بار و دۆخە بەردەوام بێت چی تر ئەمانیا وەتێکی پیشەسازی پێشکەوتوو نابێت .

هەر لەو ئاپارتەدا ئاوا هاتووە هێناردەی غازی ڕووسیا لە مانگی حوزەیرانی ابردوودا بە بەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو بە ڕێژەی نزیکەی چارەکێك کەمیکردووە، بەڵام داهاتکەی بە 11.1 ملیار دۆلار (9.1 ملیار پاوەند) بەرزبووەتەوە، ئەمەش بەراورد بە 3.6 ملیار دۆلار پێش جەنگکە. ئەمە وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە کە ئۆگرۆر ڕوسیا هەر ئاوا بە کەمی غاز هێناردەی ئەورووپا بکات خەی مایەپوچ نابێت؟ لە ئاستیدا ئەمە زۆر بە ئاگاین لە وریایی و زیرەکتی پوتین . ئەو زۆر باش دەزانێت بەردەوامیدان بە جەنگکە بە قازانجی ئەو و زیانی دەسەڵاتدارانی ئەورووپا دەگەڕێتەوە.

ئێستا ئەورووپا بیر لە هەنانکایەی یاسای نیشتمانی دەکاتەوە و بیگرێتە بەر کە ڕێگە بە حکومەتکان دەدات لە تەجمیدکردنی [بەستنی] سەروەت و سامانی کەسیی ئەلیگارکەکانی ڕووسەوە لەوەوە

دەستیان بە سەردا بگرن..

زاهیر باهیر

29/07/2022

Zaherbaher.com

بەیت لەهونەری کوردیدا سامانێکی بایەخداری کەلەپووری نەتەوایەتییە... رسوڵ بەسکڵنی

بەیتی کوردی لەچیرۆك گەلێکی بەرز پێکهاتووە، لەچوارچێوەیەکی دیاری کراو داڕژراوە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەندێك کارئەکتەری ناسراوی کۆمەڵایەتی و کەشوهەوای کلتوری و ناوی کەسایەتی و شوێن و ناوچە و هەرێم بوونەتە هەوێنی دروست بوونی بەیتەکە، بابەتی ئەم چیرۆکانە حەماسی، عیرفانی و عاشقانەیە، لە خوێندنەوە و لە وردبوونەوە و تاوتوێ کردنی بێتەکاندا دەتوانین ئاوێڵابردوومان بدۆزینەوە و تیشك بخەینە سەر کۆمەڵێك لایەنی شاراوەی ژیانی پێشینیانمان، لەناوەرۆکی بێتەکاندا تێڕوانین و هزر و بیری پێشینیان و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر لایەنی دیکەی ژیانیان بزانین.
دانەری بەیتەکان نەناسراون و لەلایەن کەسانی نەخوێندەوار گوتراون، لەڕۆژگاری زۆر کۆنەوە لەڕێگای چێنەوە، دەماو دەم لەنەوەیەك بە نەوەیەکی دیکە گوازراوەتەوەو لەابردوویەکی زۆر دوورەوە بەبەیتبێژانی ئەمڕۆ گەیشتووە، بەیتەکان وەك گەنجینەیەکی زۆر بەنرخن، وشەگەلی زۆر هەسەنیان لەفەوتان پاراستووە، هەندێ لە بەیتەکان زۆر درێژن و ناوەرۆکی زۆربەی بەیتەکان بەسەرهاتێك یان هۆوداوێکی مێژوویی و خەشەویستی نێوان دڵداران دەگێڕنەوە.
دارشتنی بەیتەکان بەشێوەیەکی شیعری جوان و هەوان، سوار و ئاسان، لەسەر کێشی خەماڵی و تایبەتی، بە دەربڕینی مەبەستێك گوتراوە، شێوەی بەیتەکان جیاوازن، جاری واهەیە نیوە شیعرەکانی تەواوێك

درێژن و جاری واش هەیە زۆر کورتن، بەڵام لەهەموو حاڵەتدا کێش و مۆسیقا پارێزراوە، بەیتبێژ قافیەی زۆر بەلاوە گرنگ بووە، شیعری بێ قافیەی تێدا نابینتی، بەڵام لەسەر بنەمایەکی ڕێك و پێك ناوابەندووە، جاری واهەیە زۆر لەسەر قافیەیەك ڕۆیوە و جاری واش هەیە هەر تاقە دوو نیوە شیعر لەسەر یەك قافیەن، ئەگەر ئاسان بووە زۆری لەسەر ڕۆیوە و ئەگەر گران بووە خێی پێوە ماندوو نەکردووە و زوو قافیەکەی گۆڕیوە، بەیتبێژەکان دووپات کردنەوەی قافیەیان لەشیعردا بەعەیب نەزانیوە، کێش و سەروا نەبێتە هۆی ئەوەی بەیتبێژ لەمەبەستی بنەڕەتی بابەتەکە دوورکەوێتەوە، تابلۆی زۆر ڕەنگین و هونەرمەندانەیان کێشاوە، شیعری بەتام و خوێ و زمانەکەی زۆر تەڕو پاراوە، وشەگەلی ڕەسەن و شیرینی کوردیان بەکارهێناوە، زۆرجار بەیتبێژ لەشوەزارێکدا گیری نەخواردووە و لەزاراوەکانی دیکەش گەلێکی کەڵك وەرگرتووە، بەتایبەت ئەگەر پێویستی بەقافیە بووبێ.
ئەم بەیتانە لەبەرهەمی ئەدەبی کوردیدا شاکاری زۆر بەرزیان نواندووە، وەك لەوتاری پێشتر ئاماژەمان پێدا لەگەڵ سەردەمی تازە و پەیدابوونی قاوان و ئادیۆ و تەلەفزیۆن، وردە وردە بەیتبێژەکان گرنگی ئەوتۆیان نەماو زۆر لەبەیتەکانیان لەگەڵ خۆیان بردە ژێرگڵ، بەڵام بەهەوڵی دڵسۆزان و خەمخۆرانی ئەدەبی کوردی، ئەو چیرۆکانەیان تۆمارکردن بۆ ئەوەی لەفەوتان بپارێزرێن، ئەمە بەرهەمێکی ڕەسەنی تازەی تۆمارکراو دەستە ناو ئەدەبی کوردییەوە، ئەم بەرهەمە شیعرییە درێژە دێدارییە ئەفسانەییانەیە لەبارەی ئەوینداری و سوارچاکی و قارەمانی و ئاوشکار و شەڕ و شۆڕەوەیە، وەکو بابەتکی چیرۆك و ڕووداوی مێژوویی قارەمانیەتی و پاڵەوانێتی نەتەوە لەشکێش و جەنگ و بەرگری لەنیشتمان دەگرێتەوە، کاتێك کارەساتێك دەقەومێ تایبەتمەندی شوێن و پانتایی و بەربڵاوی دەنگدانەوە و ئادەی فراوانی سنووری ئەو کارەساتە دیاری دەکەن.
بەیتبێژ لەچینی بەیتەکاندا بەشێوەیەك دەچێتە ناخی گۆڕانەوەی بەسەرهاتەکە، گوێگرەکان کێش دەکاتە مەیدان و بەتەواوی لەگەڵ قارەمانەکاندا ئاشنا دەبن، چونکە ئەوەی بەیتبێژ دەیخوێنێ، لە قووڵایی ناخ و سەرچاوەی دەروونیەوە هەڵدەقوڵێ، بەمەش دەنگدانەوەی هەستی تەواوی جەماوەر بەلای بەیتەکەدا ئادەکێشێ.
چیرۆکی شیعری داستان و مەلحەمە و مەسنەوی ئەم جۆرە شیعرە پەیوەندی ئاستەوخێی بەمیللەتەوە هەیە، هونەرێکی ڕەسەنی خەماڵیە، ناوەرۆکی لەحیکایەتی بەرگوێ ئاگردان و گۆڕانەوەو تاقیکردنەوەی پێشینان وەردەگرێ، بەسەرهات و سەربردەی قارەمانان و بنەماڵە و هۆز و عەشیرەتی کورد، دەبێتە هەوێنی شیعری فۆلکلۆری، ئەم بەرهەمە فۆلکۆرییە وەستایانە وەرگیراون و تۆمارکراون.

بەیت و چیرۆکی شیعری ناوەرۆکی لەگۆڕانەوە و حیکایەت و بەیتی فۆلکلۆری میللییەوە وەردەگرێ، واتە ووداوەکانی تایبەتن بەکۆمەڵگای کوردەواری و قارەمانەکانی کوردن، هەنگدانەوەی ئامانج و ئاواتی میللەتن لەو ڕۆژگارەی شاعیری میللی یا کلاسیکی ووداوەکان دەخاتە قاڵبی چیرۆکی شیعرییەوە، شاکاری هەرە گەورەی ئەدەبی نەتەوەی کورد " مەم و زین"ی خانی لەم جۆرە بەرهەمەیە.
ئەدەبی کوردی لەدوو شەوازدا خۆی دەنوێنێ، یەکێکیان خۆماڵیە و ئەویتریان لەئەنجامی لێکدانی مەدەنیەتی هەرچوار نەتەوە هاوسێکە (عەرەب و فارس و تورك و کورد) کەبە ئاینی موسڵمان دروست بووە، یەکەمیان شیعری لیریکی و چیرۆکی شیعرییە، دووەمیان غەزەل و قەسیدەیە، بەرهەمی ئەدەبی کورد بەشەوازی غەزەل و قەسیدە هاتۆتە ناوەوە هەسەن و کوردانەیە، وەك شیعری لیریکی و چیرۆکی شیعری، وەك: شێخی سەنعان یەکێك لەبەرهەمەکانی فەقێ تەیرانە.
هەرچەندە هۆاڵەتی زەربەی بەیتەکان ئەوین و دڵداریيە، بەڵام داکۆکی و سەربەستی قارەمانەکان بەرانبەر بەزۆم و زۆر دەدۆ. لەزەربەی بەیتەکاندا، لەنێوان دوو ئەویندارداً، شەفار و نەیارێك دێتە نێوان و دەبێتە لەمپەر، لەپێك نەگەیشتنی ئەویندارانً. یان بەهۆی دەهۆ و فێڵی خائینان قارەمانی داستانەکە دەکوژرێ و تەواوی هەوڵ و تێکۆشان و مەردایەتی قارەمان، بە فێڵ دەچێ و گریان و قوڕبەسەر جێی دەگرێتەوە.
لەزەربەی بەیتەکاندا قارەمان دەگاتە ئەوپەری توانا، ئازایەتی، پیاوەتی، لەخۆبووردووویی، فیداکاری و...هتد، بەگشتی کەسایەتی تایبەتی دەدەن بەقارەمان. ئەگەر بەوردی لە نێوەرۆکی بەیتەکان بڕوانین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، تەواوی ئەم ئازایەتی و زاڵ بوون بەسەر زەردارانداً، بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسایەتی میللی یە. یان لەبەیتدا تەواوی کەموکوڕی و هیوا و ئاواتی میللی، لەکەسایەتی قارەماندا خۆی دەنوێنێ.
زەرجار بەیت هەنگی ئەفسانە بەخۆیەوە دەگرێ، یان بەواتەیەکی تر ئەو دەمەی قارەمانی بەیت، تێك دەشکێ و ناتوانێ بەو چەشنەی دەیەوێ بەئامانجی خۆی بگا، لەخەیاڵدا کەموکوڕییەکەی خۆی قەرەبوو دەکاتەوە و پەنا دەباتەبەر ئەفسانە و خەیاڵ، بۆ پاراستنی حورمەت و بەرگری لەکەسایەتی خۆی، بەچەشنێکی خەیاڵی و بەهێزکی جادووویی، تەواوی فێوفێڵەکانی دوژمن بەر پەرچ دەداتەوە.
لە زەربەی بەیتەکان میر یان پاشا، بەرگی پێشکێی خۆی وەلا دەنێ و جلی فەقیر و هەژاران دەکاتەبەر و دەچێتە ڕێزی ئەوانەوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کەسایەتی قارەمان جل و بەرگی بەنرخ و ڕازاوە دیاری ناکا، بەڵکو کەسایەتیەکی بەرز و نەگۆڕاوە و ئەمە کەسایەتی یەکی

ڕاستەقینەیە، نەک خەیاڵی.
وەك پشتر ئاماژەمان بۆ كرد، زۆرێك لەبەیتە كوردیەكان سەرچاوەكەیان دەگەڕێتەوە بۆ دەڤەری ڕاپەڕین (بیتوێن و پشدەر) ئەگەر دەرفەت بوو و مەرگ مەودا بدات، لەداهاتوودا هەر یەكە بەپێی دەرفەت شتێكیان دەربارە دەدوێین.
تێبینی: سەرچاوەكانی ئەم بابەتە لای نووسەر پارێزراون.

ئەمە كە بۆڕایی شە گۆرە بووین... شیعر لە ئەدەبیاتی بێگانە وە • هەبەزاردن و وەرگێڕانی: نە ژاد عزیز سورمێ

بۆ خوێندنەوەی ئەم كتێبە كلیكی ئێرە بكەن...

NazhadAziz_EmaDownload

مار و تووڵەمار *... بەختیار محەمەد

كە دەزانێ بۆ ناوی عوسمان لە ناو كوردان (توركان) زۆرە، بەڵام لە ناو عەرەبان كەمە (بە تایبەتی عەرەبی عێراق و دوورگەی عەرەبی و كەنداو)؟ من دەڵێم: ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ، كە عەرەب دەزانێ واتای ناوەكە واتایەكی قێزەونە: (مار و تووڵەمار)؛ بەڵام كورد هەرگیز نەیزانیوە واتای چییە، هەر هێندەی زانیوە (ئەویش لە زاری مەلاكانەوە)، كە ناوەكە ناوی سێیەمین خەلیفەی موسڵمانانە و ناوێكی پیرۆزە و لەسەر ئەم بنەمایە بە لێشاو ئەم ناوەیان لە خێزان ناوە.

پەدەچێ تورکیش هەر لەسەر بنەمای ناوی (عوسمانی یەکەمی کۆی ئەرتەگول) ی دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی (کە ئەم ناوەش هەبەت هەر بێ عوسمانی کۆی عەففان دەگەڕێتەوە)، حەزیان لەم ناوە بێ و ئەم ناوە لە منداڵەکانیان دەنێن (چونکە لە ناو تورکانیش ئەم ناوە باوە).

لە کوردستانی باشووریشدا، بە تایبەتی دەڤەری هەولێر، لە پاڵ ناوە ئایینییەکانی دیکە زۆر حەزیان لەم ناوەیە، ئەگەرچی لەم سێ دەیەی دوایی (لە دوای ڕاپەڕینەوە)، کە ناوی منداڵی کورد کەوتە بەر شاڵاوی ناوی عەرەبی و بە ناوی ئایینەوە زۆربەی ناوەکان بوونە ناوی عەرەبی – ئایینیی (من لە نەخشخانەی لەدایك بوونم، ئاگاداری ئەم شاڵاوە بووم)؛ دەڵێم لەم سێ دەیەیەدا ناوی عوسمان لە بەرانبەر ناوەکانی دیکەی وەك محەمەد و ئەحمەد و عومەر… تەواو پاشەکشەی کردووە، چونکە ناوێکی واتا نەرێنییە: (مار و تووڵەمار). لەم بارەیەشەوە عەرەب بە خۆیان دەڵێن: ((أن الثعبان يلقب بأبي عثمان)).

تەنانەت لە گۆکردنیشدا ناوی (عوسمان = عثمان) لەچاو ناوە عەرەبییە دینییەکانی وەك محەمەد و ئەحمەد و عەلی و عومەر، ناوێکی سووك و موسیقیی و خۆش نییە.

نابێ ئەوەش لەبیر بکەین، کە ناوی عوسمان لە ناو میللەتە موسڵمانە سوننەکانی وەك تورك و کورددا هەیە و باوە، دەنا – وەك دەزانن – شیعە بە عەرەب و غەیرە عەرەبیشیە وە، نەك هەر ئەم ناوە لە منداڵەکانیان نانێن، بەڵکو (هەروەك ناو و کەسایەتی عومەر و عائیشە و ئەبوبەکر) دوژمنی سەرسەختی ناو و کەسایەتی عوسمانیشن. لەمەشەوە بەدەردەکەوێ، کە چۆن کورد و هاوشێوەکانی (لە تورك و ئەفگانی و پاکستانی…)، لەم دابەشکارییە مێژوویییە مەزهەبییەدا، ئەوجا چ بە فریودان بێ چ بە زۆرەملێ، بووەتە پاشکۆی ئایینی بەر لە پتر 1400 ساڵەی عەرەبی قوڕەیشیی، ئەگەرنا کورد چ پێوەندییەکی بە شێ و ملانێی سیاسی و ئایینی نێوان کەسایەتییە ئایینییە قوڕەیشییەکانی بەر لە پتر 1400 ساڵەی دوورگەی عەرەبییەوە هەیە؟!

ئەوەش دەزانم، کە کورد بە حوکمی ئەوەی زۆرینەی سوننەیە، بە کردەوە دوورە و دوور بووە لەم ملانێ خوێناوییە مەزهەبییەی نێوان شیعە و سوننە؛ بەڵام لەگەڵ هەندێش، کەم کوردی ئیمانداری سوننە هەیە، کە ڕقی لە بیروباوەڕی شیعە نەبێ و تەنانەت بە موسڵمانیشیان نازانن (شیعەش بە هەمان شێوە بەرانبەر بە سوننە).

دەوجا، ئاو بنە و دەستان بشۆ! داخۆ کۆهەیان ئیسلام و موسڵمانی ڕاستەقینەن؟ شیعە یان سوننە؟ هەروەك چۆن، ئاخۆ کامەیان مەسیحیی ڕاستەقینەن؟ کاتۆلیك؟ یان پرۆتستانت؟ یانیش ئەرتەدۆکس؟… بە واتای: خوا (الله) کامە مەزهەبیانی قبووڵە و کامە مەزهەب بە ئایینی ڕاستەقینەی خۆی دەزانێ؟…

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا، ئیمەش ناچارین وەك بابای ئیمانداری موسڵمان بڵێین: ((الله یعلم)).

- تووله مار (مارتووله) بە واتای: بەچکە مار، ماری باریك… دێ. بنۆرە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، هەژار، ل 156، 789.
- ناوی عوسمان بە واتای جووچکەی باڵندەیەکیش دێ بە ناوی (حوبارا)، کە لە بیاباندا دەژی و لە مریشك گەورەترە و هێلکەکانی لە ناو لمدا دەشارێتەوە؛ لەلای عەرەب نموونەی گەمژەیی و گێلایەتییە، چونکە هێلانەکەی خۆی لەبیر دەکا و دەچێتە هێلانەی دیکە.

بەختیار محەمەد

ڕەشنبیر و ڕۆژئاوا و باشور؟… زانا ئیزاق

سەرەتا ڕەشنبیر کەسێکە خاوەن ڕای سەربەخۆیە بەشێوەیەکیش کە ئەو ڕا و بۆچوونانەی دەردەبڕێت سود بە گشت بوارەکانی کۆمەڵگا دەگەیەنێ ، هەروەها پشوختە نەکەوتە ژێر کاریگەری هیچ لایەنێك بەڵکو وەك ڕەشنبیرێك و خاوەن بیرێکی ئازاد دەردەکەوێت، ئەزانێ چ کاتێك قسە دەکات چیش دەڵێ، لەهەمان کاتدا چۆن مرۆڤەکانی کۆمەڵگا و بوارەکان بەرەو پشببات .

لێرەدا پرسیارێك با بکەین بەمن ئایا ئەو ساناێ ڕابردوو کە خەمان بینیمان ڕەشنبیری ئێمە وابوون؟ یان چۆن بوون؟

ڕەشنبیری ئێمە هەروەك چۆن بە ناو باشور و زۆرێك لە شتەکان پشوختە دووبارە بوون ئاواش بە ڕۆژئاوا دووبارە بوون ،

ەشنبیر هەبوو زۆرێک قسەکانی وەک لایەنگری حزبەکان بوو (ئۆرشیفەکانیان بەگژن)یانی بەشێک بوو لە حزبەکان ،دەبوایە وانەبا بەکو بەشێوەیەک قسەی کردبا کە سودی ەژئاوای لەکوتبایەو نەک زیان ،بەهەمان شێوەش بە باشور ەشنبیرانێک هەن هەبوون هەمان شێوەی ئەو کاریان دەکرد نەدەبوایە وا کاریان نەکردبا بەکو وەک خودکی سەربەخۆ و ەوحەکی نشتیمانی کاریان کردبا نەک تەقەیدی و لایەنگری …

تێبینی دەبوایە ەشنبیران حزبەکانیان لە یەکتری نزیک کردبایەو دواتر وایان کردبا باشور و ەژئاوا وابکەن کە پەیوەندی باش لەسەر دراوسێیەتی باش لەگەڵ دەوڵەتەکان دروست بکەن چونکە ئاوا سود بەشێوەیەکی گشتی بە کوردستانە و پارچەکانیشە.

2022 7 29